# سیستەمی فیدراڵی ئەڵمانیا

محەمەد مێرگەسوری

لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک)

**پێشکەشە بەوانەی دەیانەوێ عێراقێکی دیموکراتی،**
**پەرلەمانی فرە حیزبی لەدەستوری ئاییندەی عێراقدا**
**بچەسپێنن .**



**FAX:** 004724135515
**TEL:** 3133365-3131262
**E-mail:** govarynovin@yahoo.com
**www.hoshyari.com**

**لایەنە سیاسیەکان و هەڵبژاردن:-**

دیموکراتی هاوچەرخ بەبێ بوونی پارت و لایەنی سیاسی نەبوونی ململانێ لەنێوانیان ناتوانێت کاربکات و کاریگەربێت.

وەکو لە یاسایی بنچینەیی هاتووە .نوێنەرانی ئەوپارت و لایەنە سیاسیانەی هەڵدەستن بەجێ بەجێ کردنی دەسەڵاتی سەرکردایەتی سیاسی و کاری فەرمانبەری سیاسی و چاودێری. لەدوای هەڵبژاردنیان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.

یاسای بنچینەیی پارت و لایەنە سیاسیەکان دەورێکی گەورە دەگێڕن لەکێشانی نەخشەی سیاسی وولات. دەقی ماددەی (٢١)ئەو یاسایە دەڵێت: ((پارت و



لایەنە سیاسیەکان بەشدار دەبن لەدانانی ئیرادەی سیاسی گەل))

تەوەرەکان ئەم لایەنە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە: .

١ . لایەنە سیاسیەکان.

٢ . کۆمەکی حیزبە سیاسیەکان.

٣ . مافی هەڵبژاردن.

٤ . سیاستەمی هەڵبژاردن.

**١ـ حیزبە سیاسیەکان:-**

بەهۆی بوونی دەسەڵاتێکی (دیموکراتی)لە ئەلمانیا رێ لەبەردەم حیزب و لایەنە سیاسیەکان کراوەتەوە. بۆدامەزراندن و پێکهێنیان. بەهەموو رەوت و بیرە جیاوازەکانەوە.

واتە کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ وولاتێکی پلۆرالیزمی سیاسیە واتە (فرەحیزبی سیاسی)یە.

لەبەر ئەوە ئێستا زیاترلە (٤٠) حیزب و لایەنی سیاسی هەن لەو وولاتە.

لەهەڵبژاردنی ساڵی (١٩٤٩)کە لە کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ ئەنجام درا. لەدوایی شەڕی جیهانی دووەم. لەم هەڵبژاردنە (٣٦) پارتو لایەنی سیاسی بەشداریان کرد بۆهەڵبژاردنی (پەرلەمانی فیدراڵ). تەنها (٦) حیزب سەرکەوتنیان بەدەست هێنا چوونە ناو پەرلەمان.

ئێستا (٥) پارتی سیاسی لە ناو پەرلەمانن لەگەل چەند نوینەری بی لایەن کە لایەنگری هیچ فراکسیونیکیدیارکراو نین لەگەڵ چەند پارت ولایەنیك بچووك هەن بۆئەوەی بگەنە پلەی فەرمان رەوایی. پێویستە ٥٪ دەنگەکان لەهەڵبژاردن بەدەست بهێنو مسۆگەربکەن بۆ چوونە ناوپەرلەمان. یان سێ کورسی بەهەڵبژاردنی راستەو خۆ بەدەست بهێنن.

مەبەست لەم بنکەیاسایەی سەرەوە رێگە گرتنە لەپەرتو بلاوی سیاسی وەکوئەوەی لەکۆماری (ڤایمار) روویدا. وەدەرفەت بە رێکخستن یان دەرفەت دەدا بەزۆرینە. تابتوانێت دەسەڵات بگرێتە دەست.



لەهەڵبژاردنی ساڵانی رابردووش هەرهەمان یاساو رێسایانەکە، تایبەت بوون بەئەو پرۆسەیە، ئیشیان پێکراوە.

لەهەڵبژاردنی (پەرلەمانی فیدراڵی) لەئەیلوولی (٢٠٠٢) ئەم چەند پارتو لایەنی سیاسی بەشداربوون:-

١. یەکێتی مەسیحی دیموکراتی ئەڵمانی.

٢. حیزبی سۆسیالستی دیموکراتی ئەڵمانی.

٣.حیزبی دیموکراتی ئازادی ئەڵمانی.

٤ . یەکێتی مەسیحی کۆمەڵایەتیو هاوپەیمانی حیزبی سەوز.

یەکێتی مەسیحی دیمووکراتی ئەڵمانیا نوێنەری نییە لەوولایەتی (باڤاریا) بەڵام حیزبی مەسیحی کۆمەڵایەتی نوێنەری هەیە لەو ولایەتە. ئەم دووحیزبە بەیەك فراکسیۆنی هاوبەش نوێنەرایەتی دەکەن لەناوپەرلەماندا.

*هەریەک لەم حیزبانە لەم ساڵانەی خوارەوە دامەزراون.

١. حیزبی سۆسیالست دیموکراتی ئەڵمانی.

٢. یەکێتی مەسیحی دیموکراتی.

٣. یەکێتی مەسیحی کۆمەڵایەتی.

٤. حیزبی دیموکراتی ئازاد.

ئەمانە هەموویان لەساڵانی نێوان ١٩٤٥ـ١٩٤٧ لەوولایەتە جیاجیاکانی کۆماری (ئەڵمانیای رۆژاوای پێشوو)ی( فیدراڵ )درووست بوون دامەزراون ئەگەر سەیری ساڵەکانیان بکەین دەردەکەوێت کەئەم حیزبانە لەدوایی کۆتایی شەڕی جیهانی دووەمو سەرنگوم بوون دەسەڵاتی (نازی)و (هێتلەر) درووست بوون. ئەوکاتەش ئەڵمانیا بەش بەش بوو کەوتبووە ژێردەسەڵاتی چەندان وولاتی هاوپەیمان رۆژهەڵاتی ئەڵمانیاو بەرلین (یەکێتی سۆڤیەت) داگیری کردبوو، بەشەکانی تری بەریتانیاو فەرەنساو ئەمریکا داگیریان کردبوو دەستیان بەسەر داگرتبوو.



ئەوماوەیەش (ئەڵمانیا) لەقۆناغی بنیاتنانو خۆدرووستکردنەوە دابوو. واتە لەهەوڵی دانانی بنەمایەکی یاسایی و دەستووری بوون بۆوولاتەکەیان ولەوکاتە ئەوچەند حیزبو لایەنی سیاسی درووست بوون دامەزرێنران. قۆناغی گواستنەوەی دەسەڵات لەوولاتە ماوەی چوار ساڵی خایاند تاتوانیان دەستوور (یاسای بنچینەیی) بۆخۆیان دابرێژن. لێکچوونێکی زۆرهەیە لەنێوان باروو دۆخی ئەوکاتەی کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵو باروو دۆخی ئێستای عیراق.

حیزبی سۆسیالێتی دیموکراتی ئەڵمانیا لەساڵی (١٩٣٣) کارو چالاکی لێقەدەغەکرا ئەوساڵەش هاوتایە لەگەڵ هاتنە سەرکۆشکی دەسەڵاتی (نازیەکانە) لەئەڵمانیا تادوای شەڕ بەردەوام بوو جارێکی تر دەستی کرد بەدامەزرانەوە دەست کردنەوە بەکارو چالاکی خۆی. ئەمرۆش بەیەکێك لەگەورەترین حیزبە سیاسیەکانی ئەڵمانیا دائەنرێت. بەڵام پارتو

لایەنەکانی تر وەکوئەو پارتەکۆنە نین دروست بوونیان تازەیە .

هەردوو حیزبی یەکێتی مەسیحی دیموکراتی و مەسیحی کۆمەڵایەتی. کە هەڵبژێردراوانی مەزهەبیەکانی (کاسۆلیك‌و پرۆتستانیتن)کە هەردووکیان دوومەزهەبی ئاینی (مەسیحین) بەڵام حیزبێکی تر کە بنکەیەکی فراوانی هەیە لەلایەنگیرانی کۆماری (ڤایمار) کە زۆربەیان لەسەر مەزهەبی (کاسۆلیکین).

بەڵام حیزبی دیموکراتی ئازاد هەڵقووڵاوی کەلەپوری ئازادی خوازی ئەڵمانیایە.

لەساڵی (١٩٧٩) حیزبی سەوز دامەزرا لەسەر ئاستی گشتی کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ. لەساڵی (١٩٩٣) هاوپەیمانی لەگەڵ (٩٠) نوێنەر بەست ولایەتەکانی رۆژهەڵاتی ئەڵمانیا بۆپێکهێنانی یەك حیزبی بەهێز.



پاش رووخانی دیواری بەرلین حیزبی سۆسیالستی ئەڵمانیایی یەکگرتوو لەکۆماری ئەڵمانیای دیموکرات لە(رۆژهەڵاتی پێشوو) حیزبێکی تازە لێ دروست بوو بەناوی (حیزبی سۆسیالستی دیمووکرات خوان).

ئەمانەی خوارەوەش ناوی چەندحیزبو سەرۆك حیزبو ژماری ئەندامەكانیانە..

| ناوی حیزب | سەرۆكی حیزب | ژمارەی ئەندامانی | | ئاڵاو وێنەیسەرۆك |
|---|---|---|---|---|
| ١ | حیزبی سۆسیالستی دیموكرات | گێرهار شرۆیدەر | ٧٣٤٦٩٣ | S.P.D |
| ٢ | یەكێتی مەسیحی دیموكرات | ئەنجیلا میركل | ٦١٦٧٢٢ | C.D.U |
| ٣ | یەكێتی مەسیحی كۆمەڵایەتی | ئەدمۆند شتۆیبەر | ١٨١٠٢١ | C.S.U |
| ٤ | حیزبی دیموكراتی ئازاد | گیدۆ ڤیستر ڤیلله | ٦٢٧٢١ | F.D.P |
| ٥ | حیزبی سەوز | دووسەرۆكی هەیە<br>١. راینهارد بۆتیكۆفر<br>٢ . وانگیلكا پیر | ٤٦٦٣١ | GRUEN |



**٢ ـ كۆمەكی حیزبەكان :-**

خەرجی كارو چالاكیەكانی حیزبە سیاسیەكانو هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن، لەئابونەی ئەندامانی حیزبو نوێنەرەكانیان لەپەرلەمانو بەخشیشو كۆمەكیو یارمەتی كۆدەكرێتەوە لەگەڵ ئەو وەدەسهێنانەی كەحیزب لەكارە ئابووریەكانی دەست دەكەوێت لەگەڵ ئەویارمەتیە دیاریكراوەی دەوڵەت.

ئەوسەركەوتنەی كەحیزبە سیاسیەكان لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی فیدراڵیو ئەوروپاو هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی وولایەتەكان بەدەست دەهێنن و بەدەستیان هێناوە ئەبێ بە پێوەرێك بۆسەرجەمی ئابوونەو بەخشیشەكانو داهات.

**٣ ـ مافی هەڵبژاردن:-**

پرۆسەی هەڵبژاردن لەئەڵمانیا بەگشتی لەشێوازی نوێنەرایەتی رێژەی یە. وەراستەو خۆئازادی وەك یەكیيە.

بەنهێنیشە واتا (لەناو کابینە دوورلە سانسۆر).

مافی دەنگدان و هەڵبژاردن بۆ هەموو هاولاتیەکی ئەڵمانییە وەکویەکە. کەتەمەنی گەیشتە (١٨) ساڵ لەگەڵ هەبوونی مەرجی پێویست و دیاریکراو بۆ هاولاتیان.

بۆهاولاتیانی دەرەوەش دەتوانن بەشداربن لەپرۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردن وەك (مافێکی خۆپالاوتن).

وەرێگە بەهەموو کەسێك دەدرێت خۆی کاندید بکات بەمەرجێك خاوەنی رەگەزنامەی ئەڵمانی بێت.

کەسانی غەیرەی ئەڵمانیش دەتوانن خۆیان کاندید بکەن. بەومەرجەی کەرەگەزنامەی ئەڵمانی و ناسنامەیەکی رەوانی هەبێت.

لەزۆربەی کاتەکاندا حیزب (کاندیدکراوەکان دیاری دەکات).



بەلام لەگەڵ ئەمەش کەسێك بەتەنیا و بەبێ لایەنی ئەتوانێت خۆی کاندید بکات.

**٤ـ سیستمی هەڵبژاردنەکان:-**

لەهەڵبژاردنی (پەرلەمانی فیدراڵی ئەڵمانیا) (مافی هەڵبژاردن بەزۆرینەو مافی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتیرێژەیی دەبەسترێتەوەبەیەك و ئەنجام دەدرێت).

بۆهەموو کەسێك هەیە دوودەنگ بدات..

١ . دەنگی یەکەم: کاندید کراو لەبازنەی هەڵبژاردنی خۆی دەنگی پێئەدرێ ئەبێ سەرکەوتن بەدەست بهێنێت لەسەر بنەمای سیستەمی زۆرینەی رێژەیی.

ئینجا دەنگی دووەمی پێدەدرێ واتە هەرکەسێك زۆرینەی دەنگەکانییەکەمی بردەوە. ئەوا ئەوکاندید دەکرێت بۆدەنگدانی دووەم.

٢ . دەنگی دووەم: ئەم دەنگە دەدرێتە لیستی کاندید کراوەکانی ولایەتەکان ،کەهەیهەرخیزبێك بێت. هەڵدەبژێردرێن.

کاندید کراوەکانی حیزبەکان لەسەر ئەولیستە کە (خشتەیەکی دیاریکراوە دائەنرێت بۆهەموو ولایەتەکان. لەسەر شێوازیکی ریزبەندی دیاری دیارکراو.

لەدوای جیاکردنەوەی دەنگەکان. دەنگی یەکەمو دووەم حسابدەکرێن. (پەرلەمانی فیدراڵ) پێکدێت لەو نوێنەرانەی کەلە (٢٩٩) بازنەی هەڵبژاردنی راستەو خۆو (٢٩٩) نوێنەری تر لەلیستی حیزبەکان بۆئەنجومەنی وولایەتەکان دیاری کرابوو.

پێگەی جەماوەری حیزب کاریگەری دەبێت لەیەکلایکردنەوەی دابەشکردنی کورسیەکان لەپەرلەماندا. ئەوکاتەی ئەنجامی لێك جیاکردنەوەی دەنگەکانی دووەم لەوولایەتەکانی دیاری دەکرێت.



ئەگەر هاتوو حیزبێك لەیەکێك لەولایەتەکان کورسی پەرلەمانی بەدەست هێنا لەپرۆسەی هەڵبژاردنی راستەوخۆ (واتە دەنگدانی یەکەم). ئەوا بەشەکەی زیاد دەبێت لەهەڵبژاردنی لیستەکان (واتە لەدەنگی دووەم).

هەموو نوێنەرێکی هەڵبژێردراوی راستەوخۆ دەتوانێت کورسیەك لەپەرلەمان بۆخۆی بپارێزێت. مسۆگەربکات دەبێتە کورسیەکی زیادە بۆحیزب لەولایەنە.

ژمارەی هەموو نوێنەرەکانی هەڵبژێردراوی (١٥) ولایەت بۆپەرلەمانی فیدراڵ دەکاتە (٥٩٨)پینجسەدونۆوەدوهەشت ئەندام لە جیاتی (٦٠٣) ئەندام، وەکو لەهەڵبژاردنی (٢٠٠٢) دەردەکەویت. یاسای هەڵبژاردن لەسەر سیستەمی لیستەی کاندید کردنی ولایەتەکان. بۆئەوەیە هەموو حیزبێك بەپێی پێویست بەدەست هێنانی دەنگ نوێنەری هەبێت لەپەرلەماندا لەلایەکی تر رێگە خۆش

دەکاتو دەرفەت دەدات بە هاوڵاتیان کە راستەو خۆو کەسانی سیاسی شیاو بۆخۆیان هەڵبژێرن لەبنکەکانی دەنگداندا.

بێگومان گەلو جەماوەر گرنگییەکی زۆر دەدەن بەهەڵبژاردن بەبەردەوامی لەبەر ئەوەی چارەنوسیان بەهەڵبژاردنو ئەنجامەکانی بەستراوە. رێژەی بەشداریکردنیان لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی فیدراڵ بەشێوەیەکی رێكو پێك دەگاتە ٨٠٪سەدا هەشتا. بەڵام سەبارەت بەبەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی ولایەتەکانو هەڵبژاردنی ناو خۆیی چوونە بەپێری ئەوپرۆسەیەش لەبارو زۆر لەبەرچاوە.

بەپێی ئامارەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی فیدراڵ لەساڵی ٢٠٠٢ بەم شێوەیەی خوارەوەیە:_ رێژدراوەتە پیاوانو کەسانی سیاسی‌لە ناوحیزیی (یەکێتی مەسیحی دیموکراتی و مەسیحی سۆسیالیستی کۆمەڵایەتی).



ژنان بەشداری چاکیان دەستکەوتوە بەتایبەت لەناو حیزبی (سۆسیالست دیموکرات).

حزبی سۆسیال دیموکرات زۆرترین دەنگی بەدەستهێناوە لەناو دەنگەکانی گەنجانی کچ ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان ١٨ ساڵ بۆ ٢٤ ساڵ بووە. کەمترین دەنگ لەناو پیاوانی تەمەن ٢٥ تا ٣٢ ساڵ بووە لەکاتی هەڵبژاردنی بەلیست واتە (دەنگدانی دووەم).

باشترین دەنگ کەهەردوو حیزبی (یەکیەتی مەسیحی دیموکراتیو کۆمەڵایەتی) بەدەستیان هێنا بێت. لەدەنگدانی دووەم بووە واتە هەڵبژاردنی لیستەکان بەتایبەت لەناو پیاوانی تەمەن ٦٠ ساڵ.

حیزبی (یەکێتی مەسیحیو دیموکراتیو حیزبی سۆسیالیت دیموکرات) نزمترین دەنگیان بەدەست هێناوە لەناو هەڵبژاردنی لیستەکان لەناو ئەو دەنگدەرانەی کەتەمەنیان لەنێوان ١٨ . ٢٤ ساڵ بووە.

بەڵام حیزبی (سەوز)و (دیموکراتی ئازاد) دەنگێکی زۆری گەنج و لاوانیان مسۆگەر کردبوو بۆخۆیان زیاتر لەو توێژانەی کەتەمەنیان زۆرە.

**پێکهاتەی دەوڵەت. دەستووری یاسا:-**

ئەڵمانیا بەدەوڵەتێکی فیدراڵی دائەنرێت لەسەربنەمای دیموکراتی و کۆمەڵایەتی. سیستەمی دەستووری دەوڵەت پێک دێت لەدەستورو دەستەی دەستووردانان لەسیستەمی فیدراڵدا. هەروەها لەگەڵ سیستەمی یاسایی و هەڵبژاردن.

سیستەمی دەستوری لەکۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ کاریگەریەکانی هەر بەسەر بوارو لایەنی سیاسی چەق بەست ناکرێ. بەڵکو درێژ دەبێتەوە بۆ هەموو بوارو لایەنەکانی کۆمەڵگای ئەڵمانیا و لایەنەکانی ژیانی خەڵکی. گرنگی دەستووری ئەڵمانیا لەوەدایە کە زۆرترین ماف دەدات بەجەماوەر بۆ هەڵبژاردنی ئەوەی



چاکە بۆداڕشتنی دەستوور بەڵام هەرلەسەرەتای دروووست بوونی کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ.

لەجیاتی دارشتنی دەستوور وادانراوە کەبە (یاسای بنچینەیی) ناو ببرێت.

پێکهاتەکانی سیستەم و هەیکەلی سیاسی ئەڵمانیا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:.

١. یاسایی بنچینەیی.

٢. ستافەکانی دەستوور.

٣. سیستەمی فیدڕاڵی و ئیدارەی خۆیەتی.

٤. سیستەمی یاسایی.

٥. مالیەی گشتی.

٦. چاودێری کۆمەڵایەتی. یان زامن کردنی کۆمەڵایەتی.

٧. ئاسائیشی ناوخۆ.

٨. پاراستنی ژینگە.

٩. پاراستنی بەکاربردن.(محافظة الاستهلاك)

١٠ . سیاسەتی دەرەوە.

١١ . ئابووری.

١٢ . فێرکردنو زانستو توێژینەوەی زانستی.

١٣ . کۆمەڵگاو رۆشنبیری.

*یاسای بنچینەیی بەم شێوەیەی خوارەوە ریزبەند دەکرێت:

١ . ئەنجومەنی پەرلەمان.

٢ . مافە بنچینەیەکان.

٣ . شێوەی دەوڵەت.

**١ ـ یاسای بنچینەیی:-**

ئەم یاسایە بەبنچینەی دروست بوونی دەوڵەتی ئەڵمانیای دائەنرێت وەکو (دەستور) وایە کەناسراوە بە (یاسای بنچینەیی).

بەبەهێزترینو گەورەترین سیستەمی دەسەلات دائەنرێت لەئەڵمانیا. کەوا زۆر سەربەخۆو باوەڕ پێکراوە.



بایەخی ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتنی سیستەمی دەسەلات لەئەڵمانیا لەدوای شەڕی جیهانی دووەم. بۆئەوەی ئاشتیو ئارامی کۆمەلایەتی پارێزراو بێتو ببێتە دەرفەتێك بۆ گونجاندن و (لێك تێگەیشتن). ئەمەش ئەبێتە مایەی زامن کردنو فەراهەم کردنی هەموو مافو ئازادێکی تاکەکەس، لایەکی تر سەرپشك ئەبێت لەبەجێهێنانیو گەیشتن بە بارودۆخێکی سەقامگیر.

هەر لەسەرەتای دروست بوونی کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ. ئەم یاسایە دانراوە. لەساڵی ١٩٤٩ئەم یاسایە بەشێوەیەکی کاتی بوو. بۆداڕشتنی دەستوور لەدوارۆژێکی کەم. بەلام لەدوایدا هەر ئەم یاسایە بووە دەستوور. پاش ئەوەی زۆرینەی دەنگی رەزامەندی خەڵكو گەلی ئەڵمانیای بەدەست هێنا. کەبووە بەدیهێنانی زۆر لەهیواو ئارەزووەکانیان.

ئەمەش بوو بە (دیباجەی بیرو باوەڕی گشتی بۆیاسای بنچینەیی).

بۆدەستەبەر کردنی (مافی چارەنوس و ئازادی و یەکێتێکی تازەی سەربەخۆو دیموکرات) لەقۆناغی گواستنەوە.

بەڵام گەلی ئەڵمانیا لەسەر هەندێ لەداواکاریەکانی مابووەو پێ داگری لەسەر دەکردەوە.

بۆخستنە رووی دانانی سیستەمێکی گونجاو و لەبار بۆئەوکاتە، و بۆدانانی دەستورێکی سەربەخۆی هاوبەش، و هەوڵدان بۆ یەکگرتنەوەو یەك بوونەوەی ئەڵمانیا لەماوەیەکی زۆرنزیك. لەوکاتە لەئەڵمانیا دابەش کرابوو بۆ دووبەش (رۆژهەڵات و رۆژئاوا). بەبەشی رۆژهەڵات دەوترا (کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات). وبەشەکەی تر دەوترا (کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ). بەم شێوەیە مانەوە تاساڵی (١٩٨٩) کەدیواری



بەرلین نەما. ئەوانیش یەکیان گرتەوە بوون بەیەك کۆمار بەناوی (کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ).

**١ ـ ئەنجومەنی پەرلەمان:-**

ئەنجومونی پەرلەمان چەند ئەندامێکی هەبوو. بێجگە لەوئەندامانەی کەبۆ ئەنجومەنی پەرلەمان دانرابوون کە ژمارەیان (٢٧) کەس بوو. کەلەئەندامانی چەند حیزب و پەرلەمانتارانی وولایەتەکان هەڵبژێردرابوون هەڵسان بەدانانی (چوارچێوەی دەستوورێك). هەندێ لەئەندامانی ئەولیژنەیەی کە دروست کرا بۆئەم مەبەستە لەنوێنەرانی ئەڵمانیەکان و حیزبی ناوەندی و حزبی شوعی. (٥) ئەندام لەحیزبی دیموکراتی ئازادو (٢) ئەندام لەهەردوو حیزب (یەکێتی مەسیحی دیموکراتی و سۆسیالستی)، بوون. ئەوکەسانەی پسپۆڕی و شارەزایەکی کۆمەڵایەتی و یاسایی سیاسیان هەبوو.

فرمانیاندا کەچاو بەهەموو لاوازیەکانی دەستووری کۆماری( ڤایمار)* دا بخشێننەوە. لەهەوڵەکاندا بەردەوام بوون. ئەیانویست دەوڵەتێك دروست بکەن دوور لەبیروو باوەڕی نازی وشۆڤێنی.

لە ١٩٤٩/٥/٢٣ بڕیار لەسەر دانانی یاسایەك درا لەسەر (دەستووری تازە). بەسەرۆکایەتی سەرۆك پەرلەمانی ئەوسا (کۆنراد ئەدیناور). ئەمەش دوای چەندان دانیشتن و لێدوان بیرو بۆچوون گۆڕینەوەی (تایبەتی و گشتی) هات.

ئەورۆژەش بەڕۆژی دەستورو ئەنجومەنی ولایەتەکان دائەنرێت. هەرلەو کاتەوە ئیشی پێ کراوە.

* ١ . ئەوشارەیە کە کۆنگرەی دارشتنی دەستووری یەکەمی ئەڵمانیای لی بەسترا. بەمەش ناوی ئەڵمانیا بەناوی ئەوشارە ناونرا شاری ڤایمار (Weimar) دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای (بەرلین) بەیەکێك لەولایەتە گرنگەکانی ئەڵمانیا دەژمێردرێت.



لەسەر بنەمای بنچینەیی ئەو دەستورەی سەرەوە لە ٣١/ئابی ١٩٩٠. رێکەوتن نامەو داخوازی یەکگرتنەوەی وولات هاتە دی. دەستووری ئێستا دەست نیشانی دەقی ئەودەستوورەی پێشوو دەدات کەیەکێتی ئەڵمانیا تەواو دەبێت بەیەك گرتنەوەیان بوونی سیستەمێکی فیدراڵی. بەمەش. جارێکی تر چوارچێوەی دیباجەی باوەڕنامەی (بیروباوەڕی) گشتی بۆ یاسایی بنچینەیی و ماددەی کۆتایی یاسایی بنچینەیی بۆکۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ دارێژرایەوە. لەساڵی ٣ تشرینی یەکەمی (١٩٩٠).

**٢ ـ مافەبنچینییەکان:-**

تاك هەموو مافێکی پاراستنی پێدەبەخشێ لەدژی هەموو زێدەڕۆیەك. دەوڵەت پابەند دەبێت بەڕێز گرتنی کەرامەتی مرۆڤ وپاراستنیوبەخشینی مافی ئازادی بیرکردنەوە بەهەموو کەسێك، ئەمەش لایەنێکی گرنگی (مافە بنچینەیەکان) دەگرێت. شوێنیکی تایبەتی

هەیەلەیاسای بنچینەی بەستراوە بە پەنا بردن بۆ ئازادیە بنەرەتیەکان کە لە یاسای بنچینەییدا هەیە. وەکو (ئازادی بیرو بۆچوون، ئازادی ویژدان ومافی مانەوە بۆپەنابەران لەئەڵمانیا) کە لەمافەکانی ریز گرتنی کەرامەتی مرۆڤو ئازادی دەربڕانیدا هەیە.

هەموو کەسێك یەکسانن لەبەرامبەر یاسا،هاوولاتی مافی نارەزایی ورەخنەو پەیوەندی کردن ئازادی گواستنەوەو ئازادی هەڵبژاردن وخاوەن داریەتی هەیە. لەگەڵ ئازادی کۆبوونەوەو درووست کردنی رێکخراو هاوپەیمانەتیو نهێنی نامەو ئازادی رادەربڕینو لەگەڵ ئازادی هونەریو زانستی رۆژنامە گەریوپاراستنی ویژدانی کەسێتی.

پاراستنی ویژدان مرۆڤ لەپێشێلکردنی حورمەتی ماڵو ئازادیو رەتکردنەوەی خزمەتی سەربازی ئینجا رەتکردنەوە لەسەر هۆکاری پەیوەندی داربە (قەناعەت ئیش وکار یان ڕێگرتن بێت لەئیش).لە کاتی داراشتنی



یاسادا ئەبی رەچاوی یەکسانی بکرێ لە یاسای بنچینەیی وئەبی بەرجەستەی بیروباوەری گشتی بکرێت. کە دەڵێت هەموو خەلك وەك یەکن لە بەرامبەر هەموو ماف ئازادیەك، هەموو ماف وئازادیکیبیروباوەری وفکری وئایینی وسیاسی پێ بەخشراوە. رێگە نادرێت مامەڵەی خراپ بەرامبەر بەهیچ کەسێك بکرێت یان کەسێك فەزڵبکرێت بەسەر یەکێکی تر، بەهۆی رەگەزو رەسەنایەتی بنچەو زمان وهاولاتی.

بۆهەموو کەسێك هەیە ژیانی خێزانیو هاوسەری پێکبهێنت یاسا رێگەدەدات بەهەموو ئەڵمانیەك کەوا فرسەتی لەبەردەم کرایەوە بۆ بەدەست هێنانی هەموو پلەیەك (پلەی گشتی) لەدەقەکانی قانون مافی یەکسانی نێوان ژنو پیاو بەروونی دیارە. دەستوورەکانی پێشووی ئەڵمانیا بۆتە بنەمایی راستەوخۆی بۆیاساکانی ئەمرۆ وەئیشی پێدەکرێت ئەمەش بەیەکێك

لەگرنگترین نوێکارەکانی یاسای بنچینەیی‌یە بەراورد کاردائەنرێت. ناکرێ دەستکاری ناوەرۆکی بنچینەیی هیچ لەمافەکانی بنچینەی بکرێت.

مافی سکاڵاکردن و بەرزکردنەوە شتێکی دەستووری‌یە کەبەرز بکرێتەوەبۆ (دادگای باڵای دەستووری)بۆ ئەوەی هاوڵاتی هەستبکات بڕیارەکان و هەڵسوو کەوتەکانی جێبەجێ کردن و بڕیاردان و دادوەری کاری تەواوی پێدەکرێت هەموو هاوڵاتییێك هەرشتێك پێشکەش بکات بۆپابەند بوونی ئەوسێ دەسەڵاتەی دەوڵەت. دەتوانێت سکاڵا بەرزبکاتەوە بۆدادگای تایبەتی دەوڵەت لەسەر سووکایەتی کردن بەیەکێك لەمافە بناغەیەکانی یان بریندار کرابێت (نارەحەت کرابێت).

بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ سەربە (UN) نەتەوەیەکگرتوەکان کەئەڵمانیاش دەگرێتەوە ئەڵمانیا ئەوبەڵێن نامەیەی ئیمزاکردوە کەتایبەتن



بەمافەکانی مرۆڤ و بناغەی ئازادیەکان هەرکاتێك مرۆڤ تووشی حاڵەتێکی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بووە دەتوانێت سکاڵابەرزبکاتەوە بۆ (دادگایی هەمیشەیی ئەوروپا) کەچاودێری مافەکانی دەکات. هەموو هاولاتیانی ولاتانی ئەندام لە یەکیتی ئەوروپا، ئەتوانن سکالاوداواکاری بۆ ئەو دادگایەی ئەورپا بەرزبکەنەوە. لە کاتێک کەوا ولاتەکەی هیچ وەلامێکی ئەو سکالاوداواکاریانەی نەداتەوە.هەندی جار خەلکی غەیرە ئەوروپی ،دەتوانیت ئەم کارانە ئەنجام بدات بەو مەرجە ئەو کەسە (مافی پەنابەری سیاسی هەبێت یان رەگەزنامەی یەکێك لە وڵاتەکانی یەکێتی ئەوروپای هەبێت .

**٣ ـ شێوازی دەوڵەت:-**

دادوەری و پاراستنی یاسا پابەند دەبێت بەهەلسوکەوت کاربکرێت بەبنەماکانی دیموکراتی و کۆمەڵایەتی. ئەڵمانیا دەوڵەتێکی یاساییە کاردەکات

لەپێناوی زامن کردنی کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ لەسەر یاسای بنچینەی خۆی. دەوڵەتی فیدراڵی شێوەی دیموکراتی داوەتە دەوڵەت ئەمەش دەسەڵاتی گەل دەگەیەنێت دەقی دەستوور ئاماژەدەدات کەگەڵ سەرچاوەی دەسەڵاتی هەر (١٦) ولایەتە.

هەریەکێك لەم ولایەتانە سەربەخۆن یاسادانانی تایبەت بەخۆی هەیە، لەهەیکەلی دەوڵەتو دادوەری.

ستافةكانى دةستوور:-

**١ ـ سەرۆکی فیدراڵ:**

سەرۆکی دەوڵەت لەکۆماری ئەڵمانیای فیدڕاڵ بەسەرۆکی فیدراڵ ناودەبرێت. لەڕێگەو لەلایەن (ئەنجومەنی فیدراڵ) یان (بۆندی ستاگ) هەڵدەبژێردرێت ئەو ئەنجوومەنە، ئەنجومەنێکی دەستووریيە کۆئەبێتەوە بۆمەبەستە.

لێژنەی پێکهاتبوو بۆ ئەم مەبەستە کەزۆربەیان ئەندامی (بۆند ستاك)ن. لەگەڵ چەند ئەندامێکی تر کەنوێنەری چەند ولایەتو هەرێمێکن لەسەر بنەمای



نوێنەرایەتی رێژەی کاندید کراوان. هەندێ جار لەناویدا کەسایەتی ناسراو بەناوبانگ ماقول هەن کەنوێنەرایەتی کەسی سەربەخۆی لایەنن. سەرۆك ئەبێ زۆرینەی دەنگەکانی ئەنجومەنی فیدراڵ بەدەست بهێنێتو مسۆگەریان بکات بۆئەوەی ئەوپۆستە وەربگرێت. یەکێك لەمەرجەکانی سەرۆك ئەوەیە ئەبێ تەمەنی لە٤٠ ساڵ کەمتر نەبێت، ماوەی پێنج ساڵ لەسەر پۆستەکەی دەمێنێتەوە دوای ئەوە وادەیە ئەتوانێت تەنها بۆجارێکی تر خۆی کاندید بکاتەوە دەسەڵاتەکانی سەرۆك بەدەسەڵاتێکی هەیکەلی دائەنرێن. ئەوە پیادەیان دەکات کەحکومێکی بێ لایەنو سەربەخۆو پارێزەری دەستوورە. کاریگەری بەسەر زۆرلایەن هەیە بەڵام بەشێوەیەکی هاوسەنگی.

***هەندێ لەودەسەڵاتانەی پیادەیان دەکات:**

١ . ڕێکەوتن نامە لەگەڵ وڵاتان مۆردەکات بەناوی دەوڵەتی فیدراڵ.

٢ . پێشوازی لەباڵوێزخانەکانو نوێنەرانی وڵاتانی دەرەوە دەکاتو دۆسیەی باوەڕپێکردنیان لێوەردەگرێت.

٣. سەرۆك هەڵدەسێت بەدانان دامەزراندنی دادوەری دادگایەکانی فیدراڵ لەگەڵ فەرمانبەرانی ئەودەزگایانە.

٤. دانانو دامەزراندنی ئەفسەرەکانی سەربازیو ئەفسەرەکانی تاقو پێکهاتەی سوپا لەگەڵ ئەوە مافی ئەوەی هەیە لایان بەرێت پۆستەکانیان لێبسەنێتەوە.

٥ . ئەتوانێت لێبوردن بۆکەسانی بێتاوان دەربکات، واتە ئەوانەی تاوانی (کوشتنو چەند تاوانێکی تریان لەسەر نییە). وبڵاوکردنەوەی لەمیدیاکانی وڵات لەبەرئەوەی ئەمەش بەیەکێك لەمافەکان دادەنرێت هەموو کەسێك ناتوانێ ئەوکارە ئەنجام بدات کەپۆستێکی ئیداری یان حوکمی هەبێت .بەڵام ئەبێ



پارێزگاری هەبێت بەرامبەر بەناوەرۆکی (یاسای بنچینەیی) (دەستوور).

٦ . مافی خۆیەتی خۆی کاندید بکات بۆ (راوێژکاری کۆمار). ئەمەش لەرێگەی(ئەنجومەنی فیدراڵ)ەوە دەبێت. کەپێشنیاری خۆی بۆیان بەرز دەکاتەوە. بەڵام (دەنگی حیزبو زۆرینەی دەنگەکان) لەپێش چاو دەگرێت.

٧ . هەروەها ئەتوانێت ئەومافەی پێی ئەدرێت لەلایەن (راوێژکاری فیدراڵ).

(راوێژکاری فیدراڵ) پێشنیاری لێ دەکات هەڵسێت بەدانانی وەزیرەکانی حکومەتی فیدراڵ.

سەرۆك ئەبێت قەواری سیاسی لەبوونی خۆی بەرجەستە بکات. لەبەرئەوەی ئەو بەخاوەنی دەسەڵاتی سەربەخۆ دائەنرێت. لەسەر هەموو حیزبو لایەنێکی سیاسی خۆی لێك بداتەوە. لەبڕیارەکانی کێشەکانی

پەیوەست بە سیاسەتو کۆمەڵایەتیەکان. بەرژەوەندی گشتی خاكو گەل لەبەرچاو بگرێت. نەك خودی خۆی.

بۆئەمەش ئەبێتە پێوەر واتایەك بۆرێنمای کردنی هاوڵاتیانی بۆئاکارو سیاسەتی دروستو راست.

**٢ ـ پەرلەمانی فیدراڵی ( بۆندستاگ )**
( BUNDERAG ).

پەرلەمانیفیدرال(نوێنەری گەل لەکۆماریئەلمانیای فیدرال بەرجەستە دەکات).گەل هەڵیان دەبژێرێت بۆماوەی (٤)ساڵ. نابێت پەرلەمان هەڵبوەشێنێتەوە (پێش وادەی ماوەی (نیابەی)خۆی، تەنها حاڵەتی کتوپڕ نەبێت دەسەڵاتی دەرکردن یان وەرگرتنی بڕیارێکی ئەوها دەکەوێتە دەستی سەرۆك فیدراڵ.

دەسەڵاتەکانی (مهام) سەرەکیەکانی پەرلەمانی فیدراڵی: ئەمانەن.

١ . دانانی یاساکان.



٢ . کاندید کردنی (راوێژکاری فیدراڵی)و چاودێری کردنی حکومەت .

٣ . دانیشتنەکانی پەرلەمان بەگشتی بۆخستنەرووی گفتوگۆو راگۆڕینەوەی تایبەت بەکێشە چارەنووسەکان لەبواری سیاسی دەرەوەو ناوخۆ زۆربەی دانیشتنەکانی لیژنەکانی پەرلەمان بە ئاشکرایی نیە .کاری ئامادەکردنی بنچینەیی ویەك لایی کەرەوە بۆپڕۆژەکانی یاسایی دەست پێدەکات. ئەم لیژنەیە هەما ئاهەنگی لەیەکترگەیشتنیان دەبێت لەسەر ئیرادەی سیاسیو خاوەن بڕیارو ئەوانەی خاوەن بیروڕای شارەزان گوێ لەڕاو بۆچوونی شارەزاییان دەگیرێت. هەروەها ئیشی لیژنەکان تەرکیز دەکەنە سەر ئیشو کاری چاودێری پەرلەمان لەسەر کارو چالاکیەکانی حکومەت. هەروەها ئەم لیژنانە هەموو بوارەکانی لیژنەی کاروباری دەرەوە هەتا لیژنەی بودجە دیاردەکات ئەمەش گرنگیەکی

تایبەتی پی دەدرێت چونکە ئەمە دەسەلاتی پەرلەمان بەسەر (بودجە)بەرجەستە دەکات..

٤ . هەموو هاولاتیەکی ئەلمانی دەتوانێ سکالا و داواکاری بەرز بکاتەوەبەشێوەیەکی راستەوخۆ بۆلیژنەی (سووکایەتی) لەپەرلەمانی فیدرال بۆدۆزینەوەی چارەسەر.



### ٣- سەرۆکەکانی حکومەتی فیدرالی:-



تیۆدۆر هۆیس

لە حیزبی دیموکراتی ئازاد

١٩٤٥_١٩٥٩



هاینریش لۆبکە

یەکێتی مەسیحی دیموکراتی

١٩٥٩ - ١٩٦٩



**گۆستاف هاینمان**

**حیزبی سۆسیال دیموکراتی**

**١٩٦٩ -١٩٧٤**



**ڤالتر شێل**

**حیزبی ئازادی و دیموکراتی**

**١٩٧٤-١٩٧٩**





**کارل کارستنس**

**یەکێتی دیموکراتی مەسیحی**

**١٩٧٩ - ١٩٨٤**



**ریشارد فۆن ڤایتسکر**

**یەکێتی دیموکراتی مەسیحی**

**١٩٨٤ - ١٩٩٤**



**رۆمان هرتسوگ**

**یەکێتی دیموکراتی مەسیحی**

**١٩٩٤ - ١٩٩٩**



**یۆهانس راو**

**حیزبی سۆسیال دیموکرات**

**منژ ١٩٩٩**



## ٤-راوێژکارانی حکومەتی فیدرالی:-



**كۆنراد ئەدیناور**

**یەکێتی دیموکراتی مەسیحی**

**١٩٤٩ - ١٩٦٣**



**لۆدڤیگ ئەرهارد**

**یەکێتی دیموکراتی مەسیحی**

**١٩٦٣ - ١٩٦٦**



**هیلمۆت شمیت**

**حیزبی سۆسیال دیموکرات**

**١٩٧٤ - ١٩٨٢**



**هیلمۆت کۆل**

**یەکێتی دیموکراتی مەسیحی**

**١٩٨٢ - ١٩٩٨**





**کۆرت گیورگ کیزینغر**

**یەکێتی دیموکراتی مسیحی**

**١٩٦٦ - ١٩٦٩**



**ڤیلی برانت**

**حیزبی سۆسیال دیموکرات**

**١٩٦٩ - ١٩٧٤**



گێرهارد شرۆدر
حیزبی سۆسیال دیموکرات
١٩٩٨

٥- **یاساکان:-**

هەرلەساڵی ١٩٤٩ هەتا ساڵی (٢٠٠٢) زیاتر لە (٩٢٠٠) هەزار پرۆژە یاسا روبەڕووی پەرلەمان کراونەتەوە تەنها بڕیار لەسەر (٥٦٤٠) یاسا دراوە.

زۆربەی مەبەستو فەرمانەکانی ناو ئەم پرۆژانە. زیاتر پەیوەندیان بەڕاستکردنەوەو هەموار کردنی (تەعدیل) ئەو یاسایانە هەبووە کەهەنو کاریان پێدەکرێ.

حکومەتی فیدراڵ هەڵدەسێت بەگەیاندنی زۆربەی پرۆژە بڕیاردەرەکان. بەڵام بەشێکی بچووکی دەچێت



بۆنا و پەرلەمانو ئەنجومەنی ولایەتەکان هەرێمەکان (بۆند سرات) بۆبڕیاردان لەسەری لەدوای لێکۆڵینەوەی.

یاساکان بەسێ قۆناخ دەڕۆن لەپاش قۆناغی یەکەم دەچێتەلای لیژنەی (پسپۆڕی تایبەت) لەپێناوی پیاچوونەوەو راوێژکاری هونەری تایبەت بەخۆی. لەقۆناغی سێیەم دەنگدانی کۆتایی لەسەر دەدرێت ئەمەش بەواتای جێ بەجێ کردنی ئەوبڕیارانەدێت، بەومەرجەی زۆرینەی دەنگدان بەدەست بهێنێت (بێجگە لەدەسکاری دەستووری).

یاسا ئاسایەکان (واتە ئەوانەی هەنو کاریان پێ دەکرێت) لەگەڵ ئەویاسایانەی کەپێویستیان بەدەنگ دانە لەسەری لەلایەن (یاسای بنچینەیی) یەوە جیادەکرێنەوە.

دەسەڵاتەکانی (ئەنجوومەنی ولایەتەکان) (بۆند سرات) فراوانتر دەبێتو کاریگەری دەبێت بەسەر یاسا دانان بەتایبەت (یاسا ئاساییەکان).

هەروەها (ئەنجومەنی ولایەتەکان). مافی دەسپێشخەری هەیە. بۆخستنە رووی پرۆژەی یاسایی بۆ (پەرلەمانی فیدراڵ) . وئەتوانن لیژنەی پیاچوونەوەی راستیەکان پێك بهێنێت بۆ پیاچوونەوەی کارەکانو. نارەزایی دەربڕینو رەزانەبێت بەیاسایەك کە (پەرلەمانی فیدراڵ) بڕیاری لەسەر دابێت.

ئەویاسایانەی کەپێویستە رەزامەندی لەسەر بدرێت. تایبەتن بەویاسایانەی کەوابەستەن بەبەرژەوەندی ولایەتەکان بەشێوەیەکی جەوهەری.

وەکو کاتی دەستخستنە ناوکاروباری (مالی) ولایەتەکان یان بۆدەسەلاتە ئیدارەیەکەی.

بەپێچەوانەی ئەم، رەزامەندی (ئەنجومەنی ولایەتەکان) پێویستە دیاری بکرێت لەسەر هەموارکردنو گۆڕانکاری (دەستووری). ئەوکاتەی کە کارەکان پەیوەندیان بە پێکهاتەی (دەوڵەتی فیدراڵی)یەوە هەیە.



لەکاتی هەموارکردنو گۆڕانکاریلە دەستوور ئەگەر (پەرلەمانی فیدراڵ) سێ لەچوار دەنگەکانی پێ ببەخشێ رەزامەندبی لەسەربێ، بەلام هەرئەبێ رەزامەندی (ئەنجوومەنی ولایەتەکانی لەسەر بدرێت).

**٦ ـ نوێنەرەکان:**

نوینەرەکانی ناو پەرلەمانی فیدراڵ ئەڵمانیا واتە ئەندامانی پەرلەمان (پەرلەمانتار) ئەمانە لەرێگەی هەڵبژاردنێکی گشتی راستەوخۆ ئازاد بەشێوەیەکی (نهێنی) دیاری دەکرێت. (نوێنەری گەلن) ئەمانەپەیوەست نین بەدەرکردنی فەرمانو رێنوێنی. بەڵکوزیاتر بەرپرسن بەرامبەر بەویژدانیان تائەورادەی بتوانن خزمەتی خەڵكو جەماوەری خۆیان بکەن کەهەڵیان بژاردون.

ئەگەر لەحیزب یان رێکخراو دەربکرێن یان دووربخرێنەوە. کاریگەری نەکاتە سەر ئەوسیفەتەی

(پەرلەمانتاریەی)کەهەیانە. لەگەڵ ئەوەش کەسەربە حیزبێکی دیاریکراویش بێت.

نوێنەرەکان دەتوانن پەیوەندی بە (کوتلە یان فراکسیونیکی ناوپەرلەمان)وە، بکەن ئەگەر ڕێژەیەك کورسی دابین کرابوون بۆئەم مەبەستە.

هێزی فراکسیۆنی ناوپەرلەمان واتە (ڕێژەی ژمارەیی) پێکهێنانی لیژنەی پەرلەمانی دیاری دەکات. واتەئەو فراکسیۆنەی زۆرینەی نوێنەریهەبێت ئەودەتوانێت لیژنەی پەرلەمان دروست بکات. تایبەت بێت بەهەرکارێك. سەرۆکی پەرلەمان لەزۆربەی کاتدا لەلایەن بەهێزترین فراکسیۆنی پەرلەمان هەڵدەبژێرێت خۆی سەرپەرشتی دانیشتنە گشتیەکانی پەرلەمان دەکات. وهەرخۆشی پارێزگاری لەسیستەمی پەرلەمان و دانیشتنەکانی دەکات.



### ٧ ـ ئەنجوومەنی ولایەتەکان:

ئەنجوومەنی ولایەتەکان کەلە نوێنەرایەتی (١٦) ویلایەت(lander) دەکات.پێکدێت لەئەنجومەنی ویلایەتەکان حوکمەتەکانیان ،هەرولایەتێك بەرێژەی دانیشتوانەکەی بەشدار دەبێت. هەموو ولایەتێك ٣ ئەندامی خۆی هەیە لەناو ئەوئەنجومەنە ئەم ڕێژەیەش زیاد دەکات تادەگاتە ٦ کەس، واتە ئەگەر ولایەتێك ژمارەی دانیشتوانی بگاتە ملیۆن کەس ژمارەی ئەندامانی دەگاتە ٤ ئەندام. ئەگەر بووبە(٦ )شەش ملیۆن کەس ژمارەی ئەندامەکانی دەبنە( ٥)پینج ئەندام بەم شێوەیە هەتا دەگاتە( ٦)شەش ئەندام.

ئەنجوومەنی ولایەتەکانی لە(٤٥)چل وپینج ئەندامی ولایەتەکان پێکدێت (٤١)چل ویەك ئەندامیان نوێنەری ولایەتەکانی ئەڵمانیای فیدرالین .چوارەکەی تریان بەتەنها نوێنەری شاری (بەرلین)ن. ولایەتەکان لەرێگەی

(ئەنجومەنی ولایەتەکان) بەشداری دەکەن لەدانانی یاساو ئیدارەی کاروباری حکومەتی فیدراڵ.

ئەنجومەن دەستەیەك نىیە سەربە ولایەتەکان.بەڵکودەستەیەکی حکومەتی فیدراڵە. هەڵدەستێنێت بەوکارانەیکەتەنهاتایبەتمەندن بەکارەکانی فیدرال. ئەگەر سەیری پێکهاتەی سیاسی حیزبو لایەنە سیاسیەکانبکەین. دەبینین چەند جۆرێکن چ لەدەوڵەتی فیدراڵ چ لەولایەتەکان. بەمەش (ئەنجومەنی ولایەتەکان) دەتوانێت جۆرێك لەهاوسەنگی سیاسی درووست بکات یان بەدی بهێنێت. لەهەمان کاتدا ببێتە ئامرازێك یان مینبەرێك بۆهێزە بەرهەڵستکارەکان. بەبێ ئەوەی تاوانبار بکرێت بەڕێگرو بەربەست لەبەردەم کاری سیاسی.

ولایەتەکان سەرۆکی ئەنجومەن وەردەگرن یەك بە دوایەك هاتنو لەسەر سیستەمی خولی دیاریکراو.



سەرۆکی ئەنجومەن تەنها بۆماوەی(١ )یەك ساڵ هەڵدەبژێردرێت.

سەرۆکی ئەنجوومەن. هەموو دەسەڵاتێکی خۆی دەبەخشێتە (سەرۆکی کۆماری فیدراڵ) کاتێك نەتوانێت بەکارەکانی هەڵسێت.

**٨ ـ حکومەتی فیدراڵ:-**

راوێژکاری فیدراڵ لەگەڵ وەزیرەکان بەحکومەتی فیدراڵی دادەنرێن. یان بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵ.

راوێژکاری فیدراڵی لەناوحکومەتی فیدراڵی. لەلایەن وەزیرەکانی (یەکێتی فیدراڵی)شوێنو پایەکی بەرزو سەربەخۆیی هەیە.

. ئەوسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەکات.

. ئەودەتوانێتو رەوایە بۆی ئەنجومەنی وەزیران پێك بهێنێت.

. خۆی وەزیر دیاری دەکاتو هەرخۆشی پێشنیارو وابەستە بەدامەزراندنی وەزیرەکان یان دوورخستنەوەیان لەپلەکانیان رووبە ڕووی سەرۆکی فیدراڵ دەکات.

- راوێژکار هەرخۆی ئەتوانێت ژمارەی وەزیرەکانو بواری ئیشکردن یان پسپۆڕیان دیاری بکات.

- تواناىدەسەڵاتی راوێژکاری فیدراڵی لەپێگەی یەکەم دائەنرێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەش توانای دیاری کردنی رێنمایی سیاسەتی گشتیلەسەربنەمای سیاسەتی گشتی حکومەت دیاری کراوە.

لەچوارچێوەی رێنمایی گشتی وەزیرەکان حکومەتی فیدراڵ هەڵدەستن بە بەرێوەبردنی پسپۆڕی خۆیان لەبوارەکاندا بەسەربەخۆیی لەسەر ئەرکی خۆیان.

پێویست دەکات لەسەر راوێژکاری فیدراڵی لەواقیعی کاری سیاسی هاوڕێو هاوپەیمان بێت لەکاتی بوونی حکومەتێکی یەکگرتوو.



. بتوانێت دەنگی زۆرینەی کوتلەی نا و پەرلەمان بەدەست بهێنێت قەناعەتیان پێ بکات بەسیاسەتەکەی.

- راوێژکاری فیدراڵی بەیەکەم ئەندامی حکومەت دائەنرێت کەلەلایەن پەرلەمان هەڵبژێردرابێت.

بەمەش بەدەسەڵاتی یەکەم دێت بەرامبەر پەرلەمان. وەزیرەکانی فیدراڵیش بەرپرسن بەرامبەر بەپەرلەمان بەڵام بەشێوەیەکی ناراستەو خۆ.

لەبەرئەوەی کەراوێژکاری فیدراڵی، بەر پرسە بەرامبەر بەپەرلەمان بەهۆی هەڵبژاردنی لەلایەن پەرلەمانەوە.

پەرلەمان دەتوانێت ئەو متمانەی پێی بەخشیووە لێی بسێنێتەوە. بەدەنگدانی زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان. بەدانانی یەکێك لەشوێنی ئەو.

(راوێژکار) دەتوانێت داوا لەپەرلەمان بکات بەخستنەرووی متمانە سەبارەت بەخودی خۆی. بەڵام ئەگەر پەرلەمان متمانەی پێ نەبەخشی.

(سەرۆكی فیدراڵ) دەتوانێت پەرلەمان هەڵبوەشێنێتەوە. لەسەر راسپاردەی (راوێژكاری فیدراڵ) یاسای بنچینەیی ئەم یاسایەی دا بۆنەهێشتنی دووبارە نەبوونەوەی هەڵەكانی دەستووری كۆماری (ڤایمار)* . بەشێوەیەكی هۆشیارانەو بەووردی.

ئەمەش وادەكات بەكۆمەڵەو لایەنە ئۆپۆزسیۆن وركابەرەكانیكەدژبەحكومەتن، نەتوانن رێك بكەون لەسەر بنەمایەكی حكومەت تاكوبیكەنە ئەلتەرناتیڤ بۆرووخاندنی حكومەت. دەكرێت پەرلەمانی فیدرالی متمانە لەراویژكار بسێنێت لەكاتی بە دەست هێنانی دەنگێكی شیاو وزۆر بۆ دانانی جێگری راویژكار.دوو هەول دران لە ڕابردوو بۆ لێ سەندنەوەی متمانەبە راویژكار. تەنها یەكێك لەو دوو هەوڵانە سەركەوتنی بە دەست هێنا ، ئەویش راویژكاری پێشوو(هیلموت



شمیت )لە حیزبی سۆسیالیست دیموكرات كە دەسەلاتدار بوو لە سالی(١٩٧٤تاكو تشرینی یەكەمی ١٩٨٢) متمانەی لێ سەندرایەوە.

لە دوای ئەو (هیلموت كول )بووە جێنیشینی تا سالی١٩٩٨.

**٩ ـ دادگای باڵای دەستووری:-**

ئەم دادگایە بەچاودێری پابەند بوونە بەیاسای بنچینەیی دادەنرێت.

ئەزموونە دورودرێژەكانی هەر لەساڵی (١٩٣٠) (كۆتایی كۆماری ڤایمار)تا سالی١٩٤٥.

ئەمەش بووە مایەی هەولدان بۆ دانانییاسای بنچینەیی بۆ بەهێزكردنی دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت.

بەمەش (ئەنجومەنی پەرلەمانی) هەڵسا بەڕیزبەندی (دادگای باڵای دەستووری) بەهەموو لایەنە پسپۆریەكان لەیاسای بنچینەیدا.

دادگا بەتەنها بەرپرسە لەدیاری کردنی چارەنووسی حیزبو لایەنەکان کەببێتە مەترسی بۆسەر بنەمایەکانی سیستەمی ئازادیو دیموکراتی. ئەمەش بەسەرپێچی دادەنرێت لەبەرامبەر دەستوور. لەوکاتەدا دادگا فرمان دەردەکات بەهەڵوەشانەوەی حیزب لێرە گرنگی دادگا دەر دەکەوێت کە بەرپرسە لەجێبەجێ کردنی جێ گیری سیستەمی دەستوری.

ـ دادگا لایەنەکانی خۆی بەجێ ناگەیەنێ. تەنها لەکاتەی کە داواکاری بەرز دەکریتەوە بۆی.

. هاوڵاتی دەتوانێت سکاڵای دەستوری بەرز بکاتەوە بۆ دادگا. لەکاتێك کە دەوڵەت یەکێك لەمافە بنەڕەتیەکانی پێشێل کردبێت.

لەزۆربەی کاتەکاندا سکاڵای هاوڵاتیان ئاراستەی (دادگای تایبەت ئەوە)دەکرێت. پێش چوونی بۆ (دادگای باڵای دەستووری).



بەڵام ئەگەر لەودادگایە سەرکەوتوو نەبوو نەگەیشت بەمافەکانی. ئەوا ئاراستەی دادگای باڵای دەستووری دەکات. دادگا ئاگادارە لە ئەو ناکۆکیانە کە لە نێوان حکومەتی فیدرالیوهەرێمەکان هەیە ، یان لە نێوان دەستەی فیدراڵی بە تەنیا .

چاودێریو پشکنینی چەندایەتی لەیەك چوونی نێوان یاسایی فیدراڵیویاسای هەرێمەکان لەگەڵ یاسای بنچینەیدا دەکات. وەختێك کەوایاسایەك سراوەئەوەتەوە یان لابراوە. نابێو ناکرێ جێبەجێ بکرێ دوایی دەرچوونی بڕیار لەسەری. لەکاتی بارودۆخی ئەوا دادگا دەتوانێت دەسەڵاتی تایبەت بەخۆی جێبەجێ بکات.لەسەرداخوازی دەستەی دەستوور دیاریکراوەکان وەکو (حکومەتی فیدراڵی یان حکومەتە هەرێمیەکان یان بەلایەنی کەم سێیەکی ئەندامانیپەرلەمان یان دادگا).

دادگا توانیویەتی هەتا ئیستا (١٤١)سەدوچل ویەك هەزار كێشە لێك جیا بكاتەوە.لەناویاندا (١٢٥)سەدوبیست وپێنج هەزاریان پەیوەندار بوون بەسكالاّی دەستووری.

لەناویاندا تەنها (٣٣٦٠) سیٚ هەزارسیٚ سەدو شەستیان سەركەوتوو بوون قازانجیان لێكراوە. ئەم ئامارە تاسالّی كانونی یەكەمی (٢٠٠٢). زۆربەی ناوەرۆكی ئەو كێشانە گرنگی گەورەی هەبووە لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆو دەرەوە وهەروەها گرنگی زۆری پیدراوە لەلایەن جەماوەرورای گشتی.

دادگا هەڵدەستیٚ بەجیاكردنەوەی ئەوكێشانەی كەپەیوەندیان هەیەبە بەشداری سەربازانی ئەڵمانیاوە لەكردەوەی سەربازی لەدەرەوەی سنووری ئەڵمانیا. لەگەڵ چۆنیەتی رێكەوتنی ئەكێشانەی لەگەڵ (یاسایی بنچینەیی). یان چۆنیەتی گونجان لەنێوان مافی



بنچینەیەكان لەپاراستنی ژیانو یاسادانان یان گونجان لەگەڵ پێوەرەكانی یاسای تاوان.

ـ بەئەركی هەموو حكومەتەكانی فیدراڵ دائەنرێت. بەهەموو لایەنەكان كە مل كەچ بن بۆبڕیارەكانی دادگای دادی دەستوری لە(كارلسوهە). دادگای بالاّی دەستوری بارەگایەكەی لەشاری (كارلسروهە)ە (لەهەرێمی بادن . فۆرتمبرگ). لەدوو بەرێوبەرایەتی پێك هاتووە. لەهەر بەرێوبەرایەتێك (٨)هەشت دادوەری هەیە. نیوەی ئەودادوەرانە لەپەرلەمانی فیدراڵی هەڵدەبژێردرێنو نیوەكەی تریان لەئەنجومەنی هەرێمەكان. دادوەرەكان ماوەی (١٢)دوانزە ساڵ كاری خۆیان رادەپەڕێنن.

لەدوایدا رێگایان پیٚ نادریٚ جارێكی تر خۆیان كاندید بكەنەوە.

**٥ ـ سیستمی فیدڕاڵی و ئیدارەی خۆیەتی:-**

**دەكرێت بەچەند بەشێك وەكو:-**

١ ـ سیستمی فیدراڵی.

٢ ـ ریزبەندی شارەزایی. (پسپۆڕی)

٣ ـ دانانی یاسایەكان.

٤ ـ ئیدارە.

٥ ـ ئیدارەی خۆیەتی و ناوچەیی.

**١ ـ سیستمی فیدراڵی و ئیدارەی خۆیەتی.**

كۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ. وەك لەناوەكەی دەردەكەوێت لەچەند ولایەتێكی یەكگرتووی فیدراڵ پێك هاتووە. وەكو لەسیستەمی (فیدراڵی) ئەڵمانیاش هاتووە هەر(١٦)شانزە ولایەتەكە نەك رەوشێكی هەرێمایەتیان هەیە. بەڵكو وەك دەوڵەت وان دەسەلاتی سەربەخۆی خۆیان هەیە.



بۆ هەرولایەتێك دەستووری تایبەتی خۆی هەیە.

تاكو یەكسانی لەماف و ئەركەكان لەنێوان هەموو هاوولاتیەكی ئەڵمانیا بەدی بێنێت. ڕەخساندنی ژیان بۆهەمووان.

ـ بۆهەموو ولایەتەكان ئازادی تەواو فەراهەم كراوە بۆداڕشتنی دەستورێك كەوا بەو شێوەی خۆیان بەچاك و باشی دەزانن.

ـ بیروباوەڕی دەوڵەتی فیدراڵی بەیەكێك لەبنچینەی سەرەكیەكانی دەستوور دائەنرێت. نابێ و ناكرێ سووكایەتیو دەستكاری بكرێت.

ـ بەلام دەكرێت جارێكی تر ولایەتەكان دابەش بكرێنەوە لەسەر گۆڕانی نوێ لەسنووری نێوانیان كاتێك زۆربەی هاولاتیەكانی پەیوەندیدار بەوكارە داخوازی ئەوشتە بكەن.

یاسای بنچینەیی لەدەقێكدا ئاماژە بەرێ ڕۆیشتنی شكستێكی لەوبابەتە دەكات. ئەگەر پێی هەڵسان.

**١ ـ سیستەمی فیدراڵی.**

سیستەمی فیدراڵی ئەڵمانیا (مێژوویەکی دەستووری درێژی هەیە). لەگەڵ دەرکەوتنی ئەوئەزموونە لەئەڵمانیا. بنەماو بیروباوەڕی (فیدراڵی) دیاری کراکەدەگونجێت لەگەڵ تایبەتمەندی هەرێمایەتی و لەگەڵ ئەوکێشانەی رووبەڕوی دەبنەوە. بەڵام لەسیستەمی دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزی کێشەی زیاترە.

ـ سیستەمی فیدراڵی ئەڵمانیایەکێتی نوێنەرانی دەرەوەو هەمەرەنگی ناوخۆ کۆدەکاتەوە.

وەکو ئەوەی لە ولایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا و سویسرا هەیە.

سیستەمی فیدراڵی بەشێوە یەکی چاك دەرفەت دەدات بۆپاراستنی هەمەرەنگی ناوچەیی و ئاسانکاری دەکات بۆهاوولاتیان لەهەرێمەکان بگونجێن لەگەڵ



ئەوئیدارە سیاسیەی هەیە. بۆ پێکهێنانی دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆیان.

ـ لەگەڵ ئەوەش دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەنێوان حکومەتی فیدراڵ و ولایەتەکان، بەتوخمێکی سەرەکی دائەنرێت لەسیستەمی دابەشکردنی دەسەڵات و هاوسەنگی هێزەکان بۆ ئەمەش ولایەتەکان دەتوانن بەشداری بکەن بۆ پێکهێنانی ئیدارەیەکی سیاسی لەسەر ئاستی دەوڵەتی (فیدراڵی). لەرێگەی (ئەنجومەنی ولایەتەکان) سیستەمی فیدراڵی بوار دەدات بەکردنەوەی لایەنێکی گەورەی رکەبەری لەنێوان دەوڵەتان بۆ بەئەزموون بوونی لەسەر ئاستێکی دیاری کراو.

ئەمەش والە ولایەتەکان دەکات هەڵسن بەتاقیکردنەوەیەکی نوێ لەبواری (فێرکردن) وەپێشکەش کردنی ریفۆرمی نمونەیی

بۆراستکردنەوەو ئاگادار کردنەوە لەسەر ئاستی حکومەتی فیدراڵی.

**٢ ـ ڕێزبەندی شارەزایی ( پسپۆری ) –**

دەستوور تەئکید لەسەر بیرۆکەی جەوهەری فیدراڵی دەکاتەوە. ئەوەش بیرو باوەڕی ریزبەندی شارەزای دەگرێتەوە. لەسەر ئەم بنەمایە دەسەڵاتی باڵا بەبێ لایەنی دەزانێت کەهەڵسێت بەرێکخستنی مەسەلەکان کەلایەنی دەسەڵاتی نزم. ناتوانێت چارەسەریان بکات.

لەسەر ئەو بنەمایەی سەرەوە ئاشتیو ئارامی دێتە بەرهەم. ریزبەندی دەست پێدەکات هەر لەتاک تاخێزانو دراوسێو گەڕەکو کوڵانو شارو لادێ تادەگاتە ولایەتەکان.

پاشان بۆ فیدراڵی. لەدوایدا بۆ یەکێتی ئەوروپا تا دەگاتە نەتەوە یەکگرتووەکان.

**٣ ـ دانانی یاساکان:-**



لەکاتی دانانی یاسای (فیدراڵی) دەبینین لەمادەی (٧٠) لەدەستووردا. دەقێك هەیە کەدەڵێت (باوەڕێك هەیە ڕێگە دەدات بە ولایەتەکان بەدانانی یاسایەکان).

ئەگەر دەستووری فیدراڵی دەسەڵاتیپێ نەدابووایە ئەوە سیستەمی فیدراڵی هەڵدەستێت بەوکارە. وەکو باوەڕێکی یاسا دانان بۆ کارو باری ولایەتەکان دائەنرێت. تەنها ئەگەر هاتوو لەشارەزایی (فیدراڵ) نەبوو بۆیاسا دانان لەبوارێك لەبوارەکانی (یان یەکێك لەبوارەکان)

یاسا دانان دەکرێ بەدوو بەش:

**١ . یاسادانانی تاك ڕەوی ( ئینفرادی)٠**

**٢ . یاسا دانانی رکابەری(التنافسی)٠**

یاسا دانانی تاك ڕەوی: حکومەتی فیدراڵی هەڵدەستن بەیاسادانان لەچەند بوارێك وەکو (مەسەلەسیاسیەکانی دەرەوە. بەرگری، پارەی کاغەزو

کانزایی و گواستنەوەی ئاسمانیو بەشێك لەیاسای باج)٠

٢ . بەڵام یاسا دانانی رکەبەرایەتی. ولایەتەکان مافی خۆیانە یاسای تایبەت بەخۆیان دابنێنن.

کاتێك (حکومەتی فیدراڵ) پەنای نەبرد بۆ دەسەڵاتە رێ پێدراوەکانی بەهۆی کۆنی یاسایەکان.

لەهەمان کات فیدراڵی ناتوانێت ئەودەسەڵاتانەی پێی دراوە، جێ بەجێبکات. تەنیا بۆمەبەستی دابین کردنی بارودۆخێکی ژیانی گونجاو چاك نەبێت یان بۆ پاراستنی یەکێتی (یاسا یان ئابووری) لەپێناوی بەرژەوەندیە گشتیەکانی دەوڵەت.

لەنێوان لایەنەکانی یاسادانانەکانی (رکابەری). یاسای(مەدەنی، تاوان)هەیە یاسای (ئابووریو ناوەکیزەرە)ویاسای ئیشو یاسای تایبەت هەیە.

وهەروەها یاسای (پەنابەران، نیشتە جێو دەریاوانی. گەیاندنی ووشکانی).



گرنگترین یاساکە ئەمانە دایدەڕێژن یاسای رزگار بوون لەپاشماوەکانو ریگەگرتن لەپیس بوونی ژینگەو نەهێشتنی (قاوقیژ) (چجیج) .

ولایەتەکان ئەم یاسایانە بەپێشینەی یاسادانانی خۆیان ئەژمێرن وەکو واقعی دەستووری دەدەردەخات کەئەبێ ئەوکێشانە چارەسەر بکرێن لەڕێگەی حکومەتی فیدراڵ.ئەگەر هاتوو لە رووی زانستی شارەزایەکانی (ولایەتەکان)نەبوون.

یاسادانان لە بواری (فێرکردنی بالا وچاودیری سروشتی زەوی کشتوکاڵی وپیلان دانانی ئاوەدانی سیستەمی ئاو) لە پێشینەی ئەو یاسایانەن کە ولایەتەکان دایان دەنێن. بەڵام فیدرال بۆی نیە هیچ رێزمانێکی دیارکراو دەربکات لەم بوارەدا . لێرەدا چەند زنجیرە کاری گرنگ هەن لەسەرووی توانای (هەرێمەکانیان) روویەکی دواڕۆژی پێوەیە. لەدەستوور نە هاتوون لەکاتی ئێستادا پیلان ورێکخستنی بۆ

دادەنرێت بەپشتگیری لەگەڵ ولایەتە کان. پرۆژەیئەم جۆرە یاسایانە لەساڵی (١٩٦٩) خرانە ناو (یاسای بنچینەیی) بەوسیفەتەی کە (ئیشو کاری هاوبەشن). کە پەیوەندیدارن بەدامەزراندنو دروستکردنی (زانکۆکانو پەیمانگاکانی بالاّو فراوانکردنیان وچاکردنی ژێرخانی ئابووری هەرێمەکان چاکترکردنی ژێرخانی کشتوکاڵیو پاراستنی کەنارەکانی دەریا.

**٤ـ ئیدارە:-**

ولایەتەکان هەڵدەستن بەزۆرترین کارە ئیداریەکان. حکومەتی فیدراڵی هەڵناستێت بەکارە گرنگەو بنەرەتیەکانی ئیدارە. تەنها لەبواری (دەرەوەو دابینکردنی کارو باری گومرگو سنوری پاسەوانو سوپا) کار دەکات. بەلاّم کارەکانی (دادوەریو دادگا) بەستراوە بەدادگای بالاّی دەستووریو دادگای بەرز.

ئەم دادگایانە هەڵدەستن بەشیکردنەوەی یاسای یەکگرتوو، دادگایەکانی تری ولایەتەکان پەیرەویان



دەکەن. لەڕووی یاسادانان( یاسادانانی ولایەتەکان کورت دەکرێتەوە.

بۆئەو یاسایانەی کە لەبواری (فیدراڵ) ڕێ پێ نەدراون، یان ئەوانەی ئاماژەیان پێنەکراوە لە (دەستور) بەلاّم ئەمانە ئەبێ لەتوانای شارەزای (فیدراڵ) بن.

ئەمانەش بەزۆری کارو باری (فێرکردنو سیاسەتی رۆشنبیرییە) لێرە دەربڕینی (بالاّدەستی سەرۆکایەتی رۆشنبیری دێت) لەگەڵ یاساکانی شارەوانیەکانو پۆلیس.

توانا و هێزی حەقیقی ولایەتەکان لەبواری ئیداریو بەشداری (فیدراڵ) لەیاسا دانانی یاساکان لەنا و ڕێگەی (ئەنجومەنی ولایەتەکان )دەردەکەوێت.

لەهەمان کاتدا هەیکەلی ئیداری بەرپرسە لەجێ بەجێکردنی یاساکانی فیدراڵو بڕیارەکانی حکومەت. کارو چالاکیەکان کەهەرێمەکان پێیان هەڵدەستن دابەش دەکرێن بۆ سێ بەش.

١ . كارو چالاكى پەيوەنديدار بەشارەزايى (ولايەتەكان) بەتەنيا وەكو خوێندنگاو پۆليس و نەخشەكێشى زەويەكان.

٢ . جێبە جێكردنى ياساكانى فيدرال بەوسيفەتەى ئيشێكى تايبەتە بەئەوان لەبەرامبەريان بەرپرسيارن (وەكو ياساى پيلانى بيناو ياساى كۆمپانياكان كارو ئيشى سەربەست ئازاد وياساى پاراستنى ژينگە).

٣ . لايەنە پەيوەندى دارەكان هەڵدەستن بەجێبەجێكردنى ياساكانى فيدراڵ بەراسپاردنى لەلايەن (حكومەتى فيدراڵ) وەكو (ياساكانى دروست كردنى رێگا وەهاندانى فێركردن و راهێنان)٠

پێشكەوتنەكانى (كۆمارى ئەڵمانيايى فيدراڵ. بووەمايەى دروست بوونى واقيعێكى دستورى كەبتوانێت سەركەوتن بەسەر مەركەزيەتى و ياسادانان و فيدراڵى ئيدارى.

**٥ ـ ئيدارى خۆيتى و ناوخۆيى :-**



بەرێوبەرێتى خۆيەتى وناوخۆيى داب ونەريتێكى كۆنەلەئەلمانيا ئەمە ئاماژە بەئازادى هاوولاّتيان دەكات. لەبنەڕەتدا دەگەرێتەوە بۆدروست بوونى (شارىئازاد) كەباوبوون لەسەدەكانى ناوەراست ئەوكاتانە دانيشتوانى شارەكان ئازاديان بوو لەدەست كۆيلايەتى ودەرەبەگايەتى ومافەكانيان بەدەست هێنايەوە. بۆئەم مەبەستە ووتەيەكى ئەڵمانى بەناوبانگ بلاّوبووە كەئەڵێن (هواو المدينه يهب الحريه).

((هەواى شار ئازادى دەهێنێت)).

لەمێژووى هاوچەرخ بەڕێوەبردنى ناوخۆيى ئەبەسترێتەوە بەڕيفۆرمەكانى (فرايهرفۆن شتاين) بەتايبەت ئەوانەى پەيوەنديان بەسيستەمى شارەكانى پروسياوە هەيە لەساڵى ١٨٠٨.

(ياساى بنچينەيى) لەم چاوگو داب ونەريتە وەرگيراوە.

بەراشکاوانەوە لەدەقەکانیدا زامنکردنی مافەکانی (شارەکانو شارەوانیەکان بنکەکان) لە بەڕێوەبردنی خۆیەتیو ناوخۆیی هاتووە.

لەسەر فرمانەکانی (دەستوور) ماف بەویەکە ئیداریانە دەدات بۆ ڕێکخستنی هەموو کاروبارێکی کۆمەڵایەتی ناوخۆیی بەڵام لەچوارچێوەی (یاسایەکان) ولەسەر ئەرکە کانی خۆیان.

- ڕێکخستنی هەموو شارو شارەوانی بنکەکان لەسەر بنەمایی دیموکراتانەیە. یاسادانانی شارەوانیەکان لە دەسەڵاتی ولایەتەکانە. شێوەی یاسایی شارەوانیەکان و بنکەکان دەگورێت لەولایەتێك لەگەل ولایەتێکی تر بەهۆی لایەنیمێژوویان. بەڵام کارتێکردنی کرداری بەڕێوەبردنی خۆیەتی هەموو ولایەتەکان لەیەك دەچن٠ مافی ئیدارەی خۆیەتی بەرادەی یەکەم دەگرێتەوە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری گەیاندنی گشتی لە چوارچێوەی ناوخۆی



ودامەزراندنی ڕێگای ناوخۆ ودابین کردنی کارەباو ئاو گازی سروشتیو بەخشینی تەندروستی پیلان ڕێژەی (یان پیلان دانانی ) خانوو دروست کردن. ئاوەدان کردنەوە.

لەگەڵ ئەمانەش (دروست کردنی خوێندنگاو شانۆو مۆزەخانەو نەخۆشخانەو شوێنی وەرزشیو مەلەوانگەو چاودێری کردن).

هەروەها شارەوانیەکان بەرپرسن بەرامبەر فێرکردنی گەورەکانو چاودێری لاوەکان.

شارەوانیەکان بەرادەیەکی زۆر هەڵدەستن بەریفۆرم لەسەر بەرپرسیارێتی خۆیان بۆ ئەم کارانە.

هەندێ جار هەڵسوڕاندنی ولایەتەکان چڕدەکرێتەوە لەسەر یەکەی ئیدارەکانی ناوخۆیی پاش دڵنیا بوون وپەیوەست بوونیان بەیاسا.

پێشکەوتنی ئاستی زۆری کارەکانی بەڕێوەبردنی ناوخۆییوئیدارە٠ وزەیەکەبۆ شارەوانیەکان وشارە

بچوکەکان.لەو حالەتەدا(بنکە)بەرزترین لایەنە لە یەکە ئیدارییەکان .کاروبارەکان بگرێتە ئەستۆ. هەروەهابنکە بەبەشێك لە بەرێوەبەرایەتی خۆیەتی و ناوخۆیی دەژمێردریت . لەبەر ئەوەی دەزگایەکی هەلبژێرراوی دیموکراتیە. بەلام شارە گەورەکان هیچ بنکەیەکیان پیوە نەبەستراوە. لەوانەیە سەربەخۆی یەکەکانیناوخۆییو ئیدارەیە خۆییەکان رووبەرو ئالۆزی ببنەوە لەکاتێك کەشارەوانیەکان لەرووی دەسهاتی پێویست لاوازن و نەتوانن هەڵسن بە کارەکانیان. بەردەوام گفتوگۆ دەکرێت بۆ بەخشین و یارمەتی دانی پێویستی بە (شارەوانیەکان ). ومافی (شارەوانیەکانە) کەباج رسومی تایبەت وەربگرن .وەکو (باجی خانو بەرەو باجی قازانج کردنی بازرگانی وپیشەسازی ) هەروەها مافی شارەوانیەکان کەباجی بەکارکردن و خەرجی ناوخۆ وەربگرێت. بەڵام وەرگرتنی ئەم باجانە بەشی پێویستەیەدارایەکانی



شاروانیەکان ناکات وپری ناکاتەوە. لەبەرئەوە شارەوانیەکان باجی کری وداهات لەحکومەتی فیدرالْ ولایەتەکان پی دەگات٠ لەگە لْ بیمە وەرگرتن٠ پاش پاکتاوکردنی حساباتی پارە کەسالأنە ئەنجام دەدرێت بۆ هەموو ولایەتەکان لەگەلْ وەرگرتنی رسوم لەلایەن شارەوانیەکان. دەبیْ ئەوانیش لە بەرامبەردا(خزمەتگوزاری )پێشکەش بکەن٠

ئیدارەی خۆیەتی دەرفەت دەدات بەهاوولاتی بەشداربێت لە سیاسەت وچاودێریکردن. ئەو دەتوانیت گفتۆگۆ لەگەلْ نوێنەری شارەوانیەکان بکات لە کۆبوونەوە گشتیەکانیان لەگەلْ خەڵکی ناو شارەوانی خۆی، بۆ زانینی دوارۆژی میزانیەوە دانانی پیلان بۆ ئاوەدانی کردنەوەی تازە.

شاروشارەوانیە کان بە بچوکترین شانەی وقەوارەی سیاسی وکۆمەلأیەتی دائەنرێت. ئەبێ گەورە ببێت وگەشە بکات بەشێوەیەکی چالاکانە. بۆ ئەوەی ئازادیو

ديموكراتى درێژە بە خۆيان بدەن لەناو دەوڵەت وكۆمەڵگا.

**دانيشتوان:-**

دابەشبوونى دانيشتوانى ئەڵمانيا بەوە جيادەكرێتەوە. كە لەڕووى هەرێمى جياوازى زۆرى هەيە. سێ چارەكى (سێيەكى) دانيشتوانى يان نزيكەى (٢٥) بيستو پێنج مليۆن كەس دەبن. لە (١٢) دوانزە شارى گەورە كۆبوونەتەوە. بەڵام نزيكەى (٥,٥) مليۆن كەس لەلادێو گوندەكان كۆبوونەتەوە. ژمارەى دانيشتوانەكەى لەنێوان (٢٠٠ . هەتا ١٠٠,٠٠٠)هەزار كەسە.

(٦,٤)مليۆن كەس لەلادێيەكان دەژين كەژمارەى دانيشتوانيان لە(٢٠٠٠)دوو هەزار كەس تێپەڕ نابێت.

ولايەتى بەرلين بەگرنگترين كۆبوونەوەى دانيشتوان دائەنرێت لەدواى يەكبوونى هەردوو بەشەكەى (بەرلين). ژمارەى دانيشتوانەكە دەگاتە زياتر لە٤,٣ مليۆن كەس.



هەرچى ناوچەكانى پيشەسازين لەكەنارەكانى رووبارى (راينو رۆر). هەندێ لەم شارانە تێكەڵ بەسنوورى يەكتر بوون. زياتر لە١١ مليۆن كەسى لێ دەژێت. واتە بۆ هەر كيلۆمەترێك (١١٠٠) هەزار كەس دادەنرێت.

ئەم ناوچانە دەكەونە بەرامبەر ناوچەيەكى ترو چڕو قەڵەباڵغى زۆرى دانيشتوان. وەكو بەشێكى فراوانى زەويەكانى ولايەتى (مارك براندينۆرگ، مكلنبۆرگ، فۆربۆمرن).

تێكڕاى پێكهاتەى دانيشتوانى ئەڵمانيا بۆ هەر يەك كيلۆمەتر چوارگۆشە (م$^2$)(٢٣٠) كەسە بەم پێيە ئەڵمانيا بەگەورەترين وڵاتى ئەوروپا دائەنرێت لەڕووى چڕى دانيشتوان. لەگەڵ ئەمەش جياوازييەكى روون هەيە لەنێوان ولايەتەكانى ئەڵمانياى رۆژئاواو ولايەتەكانى رۆژهەلات (كۆمارى ئەڵمانياى ديموكراتى پێشوو) بەرلينى رۆژهەلات دەگاتە (١٤٠) سەدوچل كەس بۆ

هەریەك چوارگۆشە. كەچی لەئەڵمانیای رۆژئاوا (بەرلینی رۆژئاوا) دەگاتە (٢٦٧) دووسەدوشەستو حەوت كەس.

**زمانی ئەڵمانیا:-**

زمانی ئەڵمانیا دەگرێتەوە سەر كۆمەڵە زمانەكانی (هند. جەرمەنی گەورە). پاشان بۆ چەند لقێك لەزمانی (جەرمەنی). ئەم زمانانە پەیوەندی نزیكیان هەیە بەزمانەكانی (دانیماركی. نەرویژی. سویدی)و هەروەها لەگەڵ (هۆڵەندیو فلامی) لەگەل زمانی ئینگلیزی. لەكۆتایی سەدەكانی ناوەڕاست زۆر زمانی ناوچەیی هەبوون كەوا قسەو نووسینیان پێ كراوە. بەڵام لەگەڵ بڵاوبوونەوەی فراوانی وەرگێڕانی (كتێبی پیرۆز (ئینجیل). كەوا (مارتن لۆسەر) پێ هەڵسا.

زمانی پاراوو یەكگرتووی ئەڵمانیا دروست بوو. لەجەوهەری خۆی پشت دەبەستێت بەزمانە



ئیدارییەكانی (ناوخۆییەكانی) سكسۆنی (مالیسن). بەشێوەیەكی پلە بەپلە خۆی سەپاند.

لەئەڵمانیا لەهجەی زۆر هەیە. لەكاتێك قسە پێ كردنیان لەناوچەیەك دەردەكەوێت وەكو نموونە:

كەسێك لەولایەتی یان ناوچەی (مكلنبۆرگ) قسە دەكات لەگەڵ كەسێكی تر لەناوچە یان ولایەتی (باڤاریا) قسە دەكات جیاوازن لەشێوە دیالێكتێكی لەهجەی ناوخۆیین) تێگەیشتن لەنێوانیان هەندێ قورسی تێ دەكەوێت.

لەمێژووی ڕابردوو ئەو ناوچانەی ئەمڕۆ ناسراوە بە (ئەڵمانیا) ـ چەند هۆزێكی تێكەڵو جیا ژیاون وەكو فرانكیونەكان ـ سكسۆنیەكانو باڤاریەكان).

ئەم هۆزانەی سەرەوە وەكو جارانی پێشوو بەشێوە رەسەنەكەیان نەماون. بەڵام دابو نەریتو لەهجەی قسەكردنیان هەتا ئێستا ماوە بەتایبەت لەناو كۆمەڵێكی ناوچەییو هەرێمی.

زمانی ئەڵمانی یان زمانی دایك ( First Language) ئەمڕۆ لەدەرەوەی ئەڵمانیا هەیەو دەبینرێت.

وەكو لەولاتی (نەمسا)و ئەمارەتی لیشتنشتاین و بەشێكی گەورە لەسویسراو لەناوچەی (تیرۆلی) باشوور "(دەكەوێتە باكوری ئیتالیا)و لەناوچەی شلیزیای باكوور (لەولاتی دانیمارك)و لەناوچەی بچووك لەولاتی بەلژیكاو ئەمارەتی لۆكسمبۆرگ) بەدرێژایی سنوریان لەگەڵ ئەڵمانیا.

هەروەها هەندێ لەكەمینەی ئەڵمانی لە(پۆڵەنداو رۆمانیا و ولاتەكانی یەكێتی سۆڤیەتی پێشوو)پارێزگاریان لەزمانەكەیان كردووە.

ـ زمانی ئەڵمانیا ئەمڕۆ نزیكەی (١٠٠)سەد ملیۆن كەس قسەی پێ دەكات.

ـ ساڵانە دەیان پەرتووك چاپ دەكرێن لەجیهان بەزمانی ئەڵمانیا.



كەمینەكانی نیشتمانی ئەڵمانیا:-

چوار كەمینەی نیشتمانی لەئەڵمانیا دەبینرێن كەئەمانەن:.

كەمینەی (دانیماركی، كۆمەڵەی فریزەكان ئەڵمانی. كۆمەڵەی سینتی و رۆمای ئەڵمانی (قەرەج)و گەلی (سوربی).

ئەم چوار كۆمەڵەیە پێیان دەوترێت (رێكەوتنامەی چوارچێوەی كۆنگرەی ئەوروپا بۆ چاودێری كەمینە نیشتمانییەكان)".

ئەڵمانیا لەساڵی (١٩٩٧) هەڵسا بەئیمزاكردنی ئەو رێكەوتنامەی سەرەوە. زمانەكانی ئەم كەمینانە ئەمانەن (زمانی دانیماركی و فریزی باكوورو ساترفریزی و زمانی رۆماو زمانی سوربی).

بەپشتگیری و لەسەر بنەمای بەڵگەنامەكانی ئەوروپا (بۆ زمانەكانی هەرێمی زمانەكانی كەمینەكان) كە لەساڵی (١٩٩٨) ئیمزا كراوە.

دانیمارکیەکان ئەوانەی نیشتەجێن ڕەگەزنامەی ئەڵمانییان پێبەخشراوە. ژمارەیان دەگاتە نزیکەی (٥) پێنج هەزار کەس لەناوچەی (شلیزفیگ) لەولایەتی (شلیزفیگ هۆلشتاین).

بەیەکێك لەکەمینەکانی ئەو ناوچەیە دائەنرێن. لەپاش شەڕی دۆڕاوی دانیمارك لەساڵی (١٨٦٤).

بەڵام (فەریزیەکان). گەلێکی نیشتەجێن لەناوچەکانی کەناری باکوور ناسراون هەر لەسەرەتایی زایینی.

لەناوچەکانی (فەریزیا لەهۆڵەنداو لەرۆژهەڵاتی فەریزیا لەئەڵمانیا) هەن. فەریزیەکان کۆچیان کردووە بۆ باکووری (فەریزیا) لەسەدەی حەوتەمی زایینی. لەساڵانی ١١٠٠ بۆ ١٤٠٠ بۆ ناوچەی (ساترلاند).

ناوی هۆزەکانی (سینتیو رۆمانەکان) بەشێوەیەکی ئاشکراو دیار لەبەڵگەنامەکانی مێژووی ئەڵمانیا هاتووەو باس کراون. هەر لەسەدەی چواردەمی زایینی.



١ـ ژمارەی ئەوانەی کەرەگەزنامەی ئەڵمانیای بەخشراوە لەم دوو هۆزی سەرەوە دەگاتە (٧٠) حەفتا هەزار کەس. بەشێوەیەکی فراوان لەناوچەو شارە گەورەکان کۆبوونەتەوە لەگەڵ شارە بچووکەکان.

بەڵام (سوربییەکان) لەساڵەکانی (٦٠٠)پ. ز کۆچیان کردۆتە ئەو هەرێمانەی کە(جەرمەنیەکان) بەشێوەیەکی فراوان کۆچیان بۆ کردبوو. کەدەکەوێتە رۆژهەڵاتی رووباری (ئەلباوزان) ئەمڕۆ لەناوچەی لاوزیتسی خواروو ولایەتی براندنبۆرگ ژمارەی دانیشتوانیان دەگاتە (٢٠٠٠٠) بیست هەزار کەس. ژمارەی دانیشتوانی ئەو هۆزەی سەرەوە لەناوچەی (لاوزیتسی سەروو ولایەتی ساکسۆنیا)دەگاتە (٤٠) چل هەزار کەس.

بۆ هەر چوار هەرێمە نیشتمانییەکان ژیانی رۆشەنبیری دەوڵەمەندیان هەیە لەزۆربەی دامو

دەزگایەکان. لەلایەن پەرلەمان‌و حکومەتی فیدرالی هاوکارو یارمەتی ماددی باش دەکرێن.

**پەنابەر لەئەڵمانیا :-**

ئەمڕۆ لەئەڵمانیا زیاتر لە (٧,٣) ملیۆن کەس نیشتەجێن ،لە نەتەوەی جیایغەیرە ئەلمانی. کەدەکاتە ڕێژەی ٨,٩٪ سەرجەمی دانیشتوانی ئەڵمانیا.

هەر لەناوەڕاستی پەنجایەکان هەتا کۆتایی ساڵی ١٩٧٣. کرێکارێکی زۆر روویکردە ئەڵمانیا ئەو کاتانە لەقۆناغێکی پێشکەوتوو و گەشەسەندنی فراوان بوو. پێویستی بەدەستی کاری زۆر هەبوو. ئەمەش پاڵی نا بەزۆر دانیشتوانی وڵاتی نزیک لەئەڵمانیا کەرووی تێ بکەن. بەتایبەت ئەوانەی دەکەونە سەر حەوزی دەریای ناوەڕاست.

بەتایبەت ئیتالیا پاشان ئیسپانیاو پۆرتوگاڵو یوغسلافیای پێشوو و تورکیاو لەدەوڵەتە عەرەبییەکان (تونس . مەغریب).



بەشێکی زۆری کرێکاری ئەم وڵاتانە لەئەڵمانیا مانەوەو نیشتەجێ بوون.

لەکۆتایی ساڵی (٢٠٠٣) سێ بەش (سێیەکی) پەنابەرانی ئەڵمانیا ماوەی (٢٠) بیست ساڵیان تێپەڕ کردبوو. بەڵام زیاتر لەسێ بەشیان زیاتر لە(٨) هەشت ساڵ تێپەڕ کردووە.

پتر لەسێ بەش لەدایک بووانی منالانی پەنابەران لەئەڵمانیا لەدایک بوون. هەر لەساڵی (٢٠٠٠) ئەو منالانەی لەدایک‌و باوکی بێگانە لەدایک بوون. رەگەزنامەی ئەڵمانیان بەدەست هێناوە بەپێ ئەو خشتەیەی بۆیان دیاریکراوە.

زۆربەی ئەو پەنابەرانە تێکەڵ بوون لەگەڵ کۆمەڵگا هەتا هەندێکیان پلەوپایەی سەرکردایەتی گەورەیان بەدەست هێناوە.

ژمارەی پەنابەرانی رەش پێست لەئەڵمانیا بەشێوەیەکی بەرچاو لەزیادبووندایە. هەر لەساڵی

١٩٧٠ هەتا ئێستا زیاتر لە٣,٢ ملیۆن کەس لەبێگانەکانی نیشتەجێ رەگەزنامەی ئەڵمانیان پێ بەخشراوە.

**وولایەتەکانی ئەڵمانیا:-** Ländevs dutchlend

کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ لە(١٦)شانزە ولایەت پێك هاتووە. وەهەریەکێکیان ئیدارەو حکومەتێکی تایبەت بەخۆی هەیە لەگەل ئالاوسمبولی تایبەت بە خۆی . ئەڵمانیا بەدرێژایی مێژوو بەش بەش بووە بۆ چەند ولایەتێك. زۆر جار نەخشەی سنوەرەکانی گۆرانکاری بەسەر هاتووە. ئەو ولایەتانەش بەوشێوەیەی کەئێستا هەن، دەگەرێنەوە بۆساڵی ١٩٤٩ کەساڵی دامەزراندن و دروست بوونیانە. هەرلەوکاتەوە ژمارەوسنووری ولایەتەکان دیاری کراوە. لەگەڵ لەبەر چاوگرتنی ژمارەی دانیشتوان وتخوبی مێژوویەکەی.

لەسەرەتایی پێك هێنانی (کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ). لە(١٠)دە ولایەت پێك هاتبووپاشان بووە



بە(١١)یانزە لەدوای هاتنە پاڵی ولایەتی (سارلاند لەکانوونی دووەمی ١٩٧٥).

ئەم ولایەتانەی سەرەوە دروستکران لەوشوێنانەی کەوا کەوتبونە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی هاوپەیمانان (ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا) لەدوای لەناوچوونی دەسەلاّتی نازیەکان و گرتنی ئەڵمانیا ٠هەروەها لەوشوێنانەی کەوتبوونە ژێر کۆنترۆڵی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو (٥)پێنج ولایەت دروست کران و لەدوایدا لەیەك کۆمار کۆکرانەوە بەناوی کۆماری ئەڵمانی دیموکرات(ddr) پاشان لەساڵی (١٩٥٢) ئەم ولایەتانە کرانە (١٤)چواردە ناوچەی ئیداری.

پاش ئەوەی کە (دیواری بەرلین رووخا) لە ١٨ی ئازاری ١٩٩٠ هەڵبژاردنێکی ئازادانە کرا. لەپاش ئەوهەڵبژاردنە بریاردرا کە(٥)پێنج ولایەت بۆ (کۆماری ئەڵمانی دیموکراتی پێشوو) دروست بکرێت لەسەر شێوەی ئەو ولایەتانە کە لەپێش (١٩٥٢) هەبوون.

ئەمانەش ناوی‌ئەو(٥)پێنج ولایەتن ((براندنبورگ، مکلنبورگ، فۆربۆمردن، سکسونیا،سلسۆنیا،تەنهالت،تۆرینگسن))

لەساڵی ٣ / ١٠ /١٩٩٠/کۆماری ئەلمانیا دیموکرات (ddr)یەکی گرتەوە لەگەڵ کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ چارەنووسی ئەم ولایەتانەش خرایە ژێر دەسەڵاتی ئەوکۆمارە ناوی کۆمارەکەش هەر بە ناوی‌کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ مایەوە، بەمەش بوون بە(١٦)شانزە ولایەت ئیتر بەرلینی رۆژئاواو رۆژ هەڵاتیش نەمان بوون بەیەك.

ئەمانەی خوارەوەش ناوی ئەو ولایەتانەیە. کەکۆماری ئەڵمانیای فیدراڵیان پێك هێناوە.

ئەوەی‌جێگەی ئاماژە پێکردنە. هەریەك لەم ولایەتانە ئەنجومەنی ولایەتی خۆی هەیە بەرپرسە لەهەموو کارە ئیداری‌و یاساکانی.



لەگەڵ بوونی ئالاو دروشمی تایبەت بەخۆی وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوونی سنورێکی دیاری کراوی خۆی لەگەڵ بوونی پایتەخت.

ئەمانەی خوارەوەش ناوی چەندولایەتیکی گرنگە لەگەل ناوی پایتەختو ژمارەی دانیشتوان.

١ . بادن . فۆرتەمبۆرگ:-

پایتەخت / شتۆتگارت ژمارەی دانیشتوانەکەی دەگاتە (٥٨٨٦١٧)هەزارکەس چەند شارێکی تری هەیە کەگەورەن‌و بەناوبانگن.وەکو:_

١_شاری (هایلبرۆن) ژمارەی دانیشتوانی (١١٩٣٠٤) هەزار کە.

٢_شاری (تۆربنگن) ژمارەی دانیشتوانی (١١٧١٥٦) هەزارکەس.

٣_شاری (وروبتلینگن) ژمارەی دانیشتوانی (١١٠٦٥٠) هەزار کەس.

٤_شاری(کۆنستانس) ژمارەی دانیشتوانی (٧٨٥٠٤) هەزار کەس. دەکەوێتەسەر دەریاچەی (کۆنستانس).

ـ بەیەکەم ولایەتی ئەڵمانیا دادەنرێت (بۆناردنە دەرەوەی شتو کەلو پەل).

ـ زۆر لەکارگەو پیشەسازیەکانی ئەڵمانیای تێدا کۆبۆتەوە وەکو (دایملر کرایسلر، بووش، بورشە، ساب، چەندی تر)

ـ ناوچەیەکیگەشتیاری فراوانی هەیە. لەبەر ئەوە ساڵانە زیاتر دانیشتوانەکەی سخەڵکێکی زۆر رووی تێدەکات بۆ ئەم مەبەستە وەکو (ناوچەکانی گایزر شتۆڵ)

ـ ئەم ولایەتە بەیەکەم ناوەندی جیهانی دێت بۆتوێژینەوەی زانستی. وەکو لەبواری وزەو ژینگەو بایۆلۆژی. کەساڵانە پارەو بەهایەکی زۆری بۆدابین



دەکرێت لەلایەن داهاتی ئەو ولایەتە٠ ناوەندەکانی لێ توێژینەوەی دەگاتە زیاتر لە(٣٦ ناوەند).

(٧) زانکۆی بەناوبانگی هەیە لەگەڵ (٣٩) پەیمانگای تەکنیکی.

نزیکەی (١٠٠٠) مۆزەخانەی لێییە لەگەڵ (١٥٠) هۆڵی شانۆ زۆر شوێنەواری مێژوویی کۆنی هەیە کەهەندێکیان پۆلین کراون لەناو لیستی رێکخراوی یۆنیسکۆ وەکو شاری (منهاتن) کەشوێنەواری کۆنی هەیە کەهەندێکیان هی سەدەی چواردەهەمن.

شاری (کارلسروهە) (ژمارەی دانیشتوانی) (٢٧٨٥٥٨) هەزار کەسە. زۆرترین شەقامی تێدایە کەدەگاتە (٣٢) شارع لەسەدەی (١٧) کرابووە چەند بەشێك بەشێوەی یاری شەترەنج.

٢ . دەوڵەتی باڤاریای ئازاد یان ولایەتی (باڤاریای ئازاد).

پایتەختەکەی میونخ

ژمارەی دانیشتوانی (١٢٦٠٥٩٧)ملیون کەسە
چەند شارێکی تری هەیە وەکو:_

ـ فۆرتسبۆرگ (ژمارەی دانیشتوانی ) (١٢٧٩٦٦) کەسە.

ــ ریگنسبورج ژمارەی دانیشتوانی (١٢٥٦٧٦) کەسە.

ـ بایرویت ژمارەیدانیشتوانی (٧٣٦٦١) کەسە. شارێکی کۆنە بە فر انکفۆنی قەیسەری ناسراوە.

. ئەم ولایەتە ش چەندان ناوچەی گەشتیاری هەیە . وەکو ناوچەی چیایەکانی (فیشتل) لەزنجیرەی چیایەکانی (ئەلەب)و داستانی( باڤاریا و شتایگرفالر) .

ـ ئەم ولایەتەیەلەڕووی زانستی و ئابورییەوەبەپلەی یەکەم دێت (ئەڵمانیا. بەوەی کەلەوولاتێکی رەسەنی کشتووکاڵی بوو بەپێشکەوتووترین ولات. ئێستا چەندان کارگەو فابریکەی پیشەسازی هەمەچەشنی



هەیە. گرینگتریان (B.M.W) پیشەسازی ئۆتۆمبێل (ODEU) (ئەودی ) (سیمینس .دازا.ئایروسبیس).

کەرتی پیشەسازی ٣٥٪ داهاتی ناوخۆی ولایەت دەگرێتەوە.

. چەندان ناوەندی راگەیاندنی پێشکەوتوویی هەیە. ناوەندێکی زۆر فراوانی هەیە بۆتوێژینەوەی زانستی و (١١)یانزە لقی پەیمانگای (ماکس)ی لێیە.

ـ ئەم ولایەتە (٣٦) زانکۆو پەیمانگای تەکنیکی هەیە.

(٣)سێ پەیمانگای گرنگی هەیە بۆتوێژینەوەی زانستی وەکو (بلانك، فراون . هۆفر).

ـ باڤاریا سالآنە (٥٠) ملیۆن یۆرۆ خەرج دەکات بۆپاراستنی و چاودێری کردنی کەلەپورو فۆلکلۆرو مۆسیقای (مۆزەخانەی بینا کوتیك))

. چەندان شانۆی هەیە (١٣٣) شانۆی جێگیرو (٣٤).

. وەچەندان ملیۆن یۆرۆ خەرج دەکات بۆڤیستیڤاڵی (نوێگەری بۆ دایکی مەسیح) کەواهەموو (١٠) (دە) ساڵ جارێك لەئۆپێرای (تەوبرامرگاو) دەکرێت.

**٣ ـ ولایەتی بەرلین:-**

ولایەتی بەرلین تایبەت مەندی خۆی هەیە. بەوەی کەچەندان گۆرانکاری سیاسی و ئابووری بەسەر داهاتوە. گرنگترینیان ئەمانەن:-

١. بوونی پەرلەمانی فیدراڵی ئەڵمانیا لەو ولایەتە.

٢ . بوونی کۆشکی (رایختاج) (پەرلەمانی رایخی پێشوو). لەدوایدا کرا بەبارەگاو بنکەی حکومەت و پەرلەمان.

بوونی گۆرەپانی پاریس (بوونی کۆشکی شارلۆتنبۆرگ) کەمێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ سەدەکانی (١٧) ـ (١٨) بێجگەلەوەی کەئەمانە بوونەتە مایەی کۆبونەوەی دەسەلاتی سیاسی ئەڵمانیا لەو ولایەتە. بۆتە مایەی ئەوەی کە گەشتیارێکی زۆر سالانە



روولەوشارە بکەن. لەڕابردوو بەرلین نەیتوانی بگاتە زۆر لەوپێشکەوتنانەی کەولایەتەکان بەدەستیان هێنا٠ ئەویش بەهۆی ئەورووداوە ئابوریە نالەبارانەی کەئەو ولایەتە تووشی هات لەسەردەمی ((دووپارچەی ئەڵمانیاو شەری سارد)).

ـ بەرلین هەر بەپیشەسازی ئۆتۆمبێل و کارەبا نەوەستا. بەڵکو لەڕووی ئەندازەیی و تەکنەلۆژی هەنگاوی باشی ناوە. ئێستا بەیەکێك لەمەڵبەندە گرنگەکانی (زانستی دەرمان سازیو ئەندازیاری میکانیکی)دائەنرێت. پێشکەوتنێکی ئابوری و زانستی فراوانی بەخۆوە بینیوە.

ـ ولایەتی بەرلین (٧) حەوت پەیمانگای بالای تەکنیکی هەیە. لەگەڵ (٢٥٠) ناوەندی توێژینەوە زانستی و بوونی (٣)سی زانکۆو (٤)چوار پەیمانگای بالای هونەرە جوانەکان.

ـ هەروەها بوونی چەندان پیشەسازی (گەیاندن).
یەکێك لەگرنکترین سیماکانی ئەو ولایەتە بوونی چەندان رۆژنامەو گۆڤارو کەناڵی راگەیاندنو ئاژانسی هەواڵو بڵاوکردنەوە.
بەم شێوەیەی خوارەوە:ـ
١. (١٠)دە گۆڤار تایبەت بەکارو باری وولاّت.
٢. (١٢) دوانزەگۆڤار تایبەت بەراگەیاندنو پڕوپاگەندە.
٣ . دەرچوونی زیاتر لە(١٠)دە رۆژنامەی رۆژانە.
٤ . (٤)چوار رۆژنامەی تر کەبەس رۆژانی یەکشەمە دەردەچن.
٥. بوونی (٢١٠)دووسەدودە خولی بڵاوکردنەوەو پەیامنێری بۆدەزگایە کانی راگەیاندنی نیشتمانیو نێودەوڵەتی٠ کە راپۆرتەکانیان دەنێرینە هەموو بەشێکی ئەوروپاو جیهان٠ هەروەها چەند بریکاری هەواڵی ئەڵمانیو بێگانە هەن.



٦ . ئەم ولایەتە بەهەمەرەنگی رۆشنبیری ناو دەبرێت. ژمارەی ئەوبەرنامانەی کەکەناڵە ناوچەییەکان پەخشی دەکەن تەنها لەبەرلین دەگاتە (٢٥) بەرنامە.
٧ . بونی چەندان ((هۆڵی ئۆپێراو شانۆو مۆزەخانەو مۆسیقاو سینەما)).
٤ . ولایەتی براندنبۆرگ :ـ
ناوی پایتەختەتەکەی( براندنبۆرگی بۆتسدام )ژمارەی دانیشتوانی (١٢٩٣٢٤)هەزارکەسە.
ـ ئەم ولایەتە لەڕووی دانیشتوانی کەمترە لەزۆر لەولایەتەکانی ئەوروپا.
ـ هەر لەم وولاّتە زۆر کۆشکی پاشای بەناوبانگو گەورەی تێدایە. کەژمارەیان دەگاتە نزیکەی (٢٥٠)دووسەدوپەنجا کۆشك. گرنگترینیان کۆشکی (سانسۆسی . برانیتس)
. لەکۆندا بەم ولایەتە ئەووترا ((مرملە الامبرا گوریە الاقتصادیە للولایە الالمانیە)).

بەهۆی بوونی (لم) لەزۆربەی خاکەکەی. لەشارێکی کشتوکاڵی بوبەشارێکی پیشەسازی گەورەو هونەری بەناوبانگ.

ئێستا پیشەسازی ئۆتۆمبێل، مەکینەو ئەلکترۆنیات. شتی ترهەیە.

لەڕووی هونەرییەوە. ئەم ولایەتە لەبەرهەمی سینەمایی بەگرنگترین ولایەتی ئەڵمانیا دائەنرێت. لەبەر ئەوەی ئوستۆدیۆی سینەمایی زۆری لێیە. شاری (سیمایی کۆنی بۆتسدام . بابلبرگ) یەکێکە لەوشوێنە بەناوبانگانە.

بێجگە لەمانە: لەڕووی راگەیاندنی بینینەوە دیسان لەپێشەوەی زۆر لەولایەتەکانی ترە. بەم پێیە (١٥)پانزە کەناڵی تەلەفزیۆنی هەیەو چەند ناوەندێکی کاری بالای.



ـ بوونی چەندان زانکۆو پەیمانگاو وەکو زانکۆی شارەکانی (( فرانکفۆرت، ئاودر، کۆتبۆس، بۆتسدام)لەگەل(٥)پێنج پەیمانگای هونەری.

لەرووی بەرهەمەکانی تروەکو بەرهەمی ووزە ،کەل و پەلی خۆراکی ،پیشەسازی کیمیاوی هەیە.

١ . بادن . فۆرتمبۆرگ.





٢ . دەوڵەتی باڤاریای ئازاد.





٣ . ولایەتی بەرلین.







٤ . ولایەتی براندنبۆرگ.





٥ . شاری ئەلهانزای ئازاد (بریمن).





٦ . شاری ئەلهانزای ئازاد (هامبۆرگ).





٧ . ولایەتی هێسن.







٨ . ولایەتی مکلنبۆرگ . فۆربۆمرن.





٩. ولایەتی سکسۆنیای خواروو.





### ١٠. ولایەتی باکوری راین . وستڤالیا .





### ١١ . ولایەتی رینانیا . پلاتینات.







### ١٢ . ولایەتی سارلاند.





### ١٣ . ولایەتی سکسۆنیای ئازاد.





١٤ . ولایەتی سکسۆنیا . ئەنهالت.





١٥ . ولایەتی شیلزفیگ . هۆلشتاین.







١٦ . ولایەتی تۆرنگنی ئازاد.





**دەقی دەستووری ئەڵمانیا**



## نەخشەی وولایەتەکانی ئەڵمانیا






## نەخشەی ئەڵمانیا لەکیشوەری ئەوروپا



## دابەش بوونی کورسیەکانی وولایەتەکان لە ئە نجوومەنی ولأتەکان






## نەخشەی پەنابەرانی بێگانە لە ئەڵمانیا



## نوێنەری حزب و لایەنە سیاسیەکان لە پەرلەمانی فیدراڵ






**سەرچاوەکان :-**

١- سایتی وەزارەتی دەرەوەی ئەلمانیا.

٢- موسوعه السیاسه (جزو الاول). گبعه الپالپه المولف الرئیسی (د. عبدالوهاب الکیالی ). صفحه ٢٦٦_٢٧١

٣- المنجد فی الاعلام . گبعه الپالپه والعشرین (٢٠٠١) صفحه ٦٤